# کورتەیەك لە مێژووی موزیکی جیهانی



ئامادەکردنی

پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

کوردستان - هەولێر

٢٠٢٦

بەشی ٢

# کورتەیەک لەبارەی مێژووی مۆزیکی جیهانی

## بەشی دووەم

## ئامادەکردنی

## پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

هەولێر- کوردستان
٢٠٢٦

ناوی کتێب: کورتەیەک لەبارەی مێژووی موزیکی جیهانی بەشی دووەم
ناوی نووسەر: پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

بابەت: هونەری
چاپخانە: هێڤی
تیراژ: ٥٠٠ دانە

دیزاینی بەرگ: م.ی.عادل زرار
نۆرەی چاپ: دووەم

ژمارەی سپاردن ( ٥٧٣ ) ساڵی ٢٠٢٦ی بۆ دانراوە
نرخ: ٥٠٠٠

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................................ ١
گرنگی و ئامانجی ئەم پەڕتوکە ................................................ ٢
کورتەی چاخ و سەردەمەکانی موزیك ........................................... ٤
سەردەمی ئەغریقیەکان ( ١٤٦ق.م تا ٤٧٦) ...................................... ٤
سەردەمی ڕۆمانسیك (٢٥٠ ق.م تا ١١٥٠) ...................................... ٤
سەردەمی گوتی (١١٥٠تا ١٤٠٠) ................................................ ٤
سەردەمی بوژانەوە (١٤٠٠تا ١٦٠٠) ............................................. ٤
سەردەمی باڕۆك (١٦٠٠تا ١٧٥٠) ............................................... ٥
سەردەمی ڕۆكۆكۆ ـ كلاسيك (١٧٤٠تا ١٨٠٠) ................................... ٥
سەردەمی ڕۆمانتيك(١٨٠٠تا ١٩٠٠) ............................................ ٥
سەردەمی مۆدێرن ( ١٩٠٠) ...................................................... ٥
سەردەمی باڕۆک (١٦٠٠تا ١٧٥٠) .............................................. ٦
خاڵە بەهێزەکانی گۆڕانکاری لە چاخی باڕۆک ................................... ٦
نوێ کاری و پێشکەوتنی فۆرمەکانی موزیک لەم چاخەدا ........................ ٧
شێوازی باڕۆک لە ئیسپانیا ..................................................... ٧
قاڵب و فۆرمە موزیکی یەکانی سەدەی شانزدەهەم و حەڤدەهەم ................ ٨
چنینی موزیکی لە سەدەی شانزدەهەم دا ....................................... ٩
سەرەتای قاڵبی موزیکی لە سەدەی حەڤدەهەم دا ............................... ١١
ئۆپێرا (Opera)................................................................ ١٢
ئۆراتۆریۆ ..................................................................... ١٣
سۆناتە (Sonata) .............................................................. ١٤
جۆرەکانی سۆناتە (Sonata) لە سەدەی شانزدەهەم.............................. ١٥
فۆرمی سۆناتە (Sonata) ....................................................... ١٦
کۆنسەرتۆ (Concerto) ......................................................... ١٨
یۆهان سباستیان باخ............................................................ ٢١

موزیکی باخ.......................................................... ٢٢
دانراوە ئاینیەکانی باخ ........................................................ ٢٢
جۆرج فریدریک هاندڵ (Georg Friedrich Handel) .............................. ٢٣
...................................................................... ٢٤
موزیکی هاندڵ.......................................................... ٢٥
خاڵە بەهێزەکانی سەردەمی بارۆک .................................................. ٢٦
سەدەی رۆکۆکۆ (Rokoko) ١٧٢٥ ............................................... ٢٦
سەدەی کلاسیک (Klassic) ١٧٧٠- ١٨٣٠ ...................................... ٢٨
خاڵە بەهێزەکانی سەردەمی کلاسیک ................................................ ٣٣
سیمفۆنی (Symphony)..................................................... ٣٤
موزیکی مالان (الحجره) ..................................................... ٣٦
چووارینەی ژێدار.......................................................... ٣٧
موزیکی دینی لەسەردەمی کلاسیک ................................................ ٣٩
ئۆپێرا لەسەردەمی کلاسیک.................................................. ٤٠
فولفانج ئەمادیۆس موتسارت ................................................... ٤٢
دانراوە موزیکیەکانی موتسارت.................................................. ٤٤
شێوازی موزیکی موتسارت.................................................. ٤٥
لۆدفیج ڤان بتهۆڤن ...................................................... ٤٧
دانراوە موزیکیەکانی بتهۆڤن................................................ ٤٩
شێوازی موزیکی بتهۆڤن..................................................... ٥٠
چاخ و سەردەمی ڕۆمانتیک ( ١٨٠٠-١٩٠٠) ...................................... ٥٢
بیرو بۆچوونی قەومی لە ڕۆمانتیک.............................................. ٥٤
موزیک و ووشە ........................................................ ٥٦
لایەنی کۆمەڵایەتی هونەرمەندانی ڕۆمانتیکی.......................................... ٥٧
گۆرانی لە سەردەمی ڕۆمانتیکی دا ................................................ ٥٩
فۆرمە سەربەستەکان (Free Form) ................................................ ٥٩
سیمفۆنیای هۆنراوەیی (Symphonice Poem) ..................................... ٦١

فرانز شۆبرت (Franz Schubert) .................................................. ٦٢
گرینگترین داهێنانە موزیکیەکانی شۆبرت ............................................ ٦٤
ڕۆبرت شومان (Schuman) ........................................................ ٦٥
گرینگترین داهێنانە موزیکیەکانی شومان ............................................ ٦٧
گرینگترین خاڵ و خەسڵەتەکانی سەردەمی ڕۆمانتیک ................................ ٦٨
سیڤی ئەکادیمی ................................................................... ٧٠
تویژینەوە و بڵاوکردنەوە ......................................................... ٧٣
لینکی بڵاوکردنەوە و بەدەست کەوتنی بەرهەمەکان ............................. ٧٤
پەڕتوکە بلاوکراوەکانم (كتبي المنشورة) ............................................ ٧٥

# پێشەکی

مێژووی موزیک وەک یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی شارستانیی مرۆڤایەتی، تەنها مێژووی گۆڕانی دەنگ و فۆڕم نییە، بەڵکو بەڵگەیەکە لەسەر گۆڕانکارییە فکری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و جوانکارییەکانی مرۆڤ لە ماوەی سەدەکاندا. لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا، موزیک بە شێوەیەک ڕەنگدانەوەی ژیان و تێڕوانینی مرۆڤ بووە و بەردەوام هاوشانی پێشکەوتنی زانست، فەلسەفە و هونەر گەشەی کردووە.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، باس لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی موزیکی جیهانی کرا، لە سەردەمە کۆنەکانەوە هەتا سەردەمی بوژانەوە (ڕێنێسانس)، کە بنەماکانی بیرکردنەوەی موزیکی، سیستەمی تیۆری و پێکهاتە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان و پێرفۆرمەنسمان دیاری کرد.

لەم بەشەشدا کە بەشی دووەمە هەوڵ دەدەین بۆ تەواوکردنی ئەو گەشتە مێژووییە، بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکانی بارۆک، کلاسیک، ڕۆمانتیک و مۆدێرن؛ ئەو سەردەمانەی کە لەواندا زمانی موزیک گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەخۆوە بینی و فۆڕمە هونەرییە نوێیەکان وەک ئۆپێرا، سیمفۆنی، کۆنشێرتۆ و شێوازە مۆدێرنەکان سەریان هەڵدا. لەم بەرگەدا هەوڵمان داوە ڕۆڵی بەرهەمهێنەران، گۆڕانکارییە تیۆرییەکان، پێشکەوتنی ئامێرە موزیکییەکان و کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فکرییەکان لەسەر پەرەسەندنی موزیک پیشان بدەین، بە شێوەیەک کە خوێنەر بتوانێت لەپەیوەندیی نێوان مێژوو، بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی موزیکی تێبگات.

بەوهیوایەی ئەم بەرگەش ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش بۆ فێرخوازان، توێژەران و هەموو ئەوانەی حەزیان بە ناسینی مێژووی موزیک و گەشەکردنی لە ئاستی جیهانیدا هەیە.

# گرنگی و ئامانجی ئەم پەڕتوکە

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەوڵێکی زانستی و ڕێکخراوە بۆ پێشکەشکردنی کورتەیەکی مێژوویی لە گەشە و پەرەسەندنی موزیکی جیهانی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بە تایبەتی لە سەردەمی بارۆکەوە هەتا سەردەمی مۆدێرن. موزیک وەک دیاردەیەکی هونەری و کۆمەڵایەتی، لە ماوەی سەدەکاندا تەنها ئامرازێک بۆ دەربڕینی جوانکاری نەبووە، بەڵکو بەشێکی گرنگ بووە لە دروستبوونی هزر، ناسنامە و ڕۆشنبیری گەلان. لەبەر ئەوە، خوێندنەوەی مێژووی موزیک، خوێندنەوەی مێژووی بیرکردنەوە و گۆڕانکارییە مرۆییەکانیشە.

ئەم کتێبە گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە بە شێوەیەکی پوخت و زانستی سەرنج دەداتە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەی موزیک و تایبەتمەندییە هونەری و تیۆرییەکانیان. خوێنەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە ئاشنا دەبێت بەو گۆڕانکارییانەی کە لە چوارچێوەی فۆڕم، هارمۆنی، میلۆدی، پۆلیفۆنی، ئامێرە موزیکییەکان و شێوازی پێرفۆرمەنس ڕوویداوە و چۆن ئەم گۆڕانکارییانە بوونەتە هۆی دروستبوونی شێواز و ڕێبازە نوێیەکان.

لەڕووی ئەکادیمییەوە، ئەم کتێبە دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و یارمەتیدەر بەکاربهێنرێت بۆ فێرخوازانی بەشەکانی موزیک، هونەر، پەروەردەی هونەری و توێژینەوە مێژووییەکان، چونکە زانیارییەکان بە شێوەیەکی مێژوویی و ڕێکخراو خستووەتەڕوو و هەوڵ دراوە نێوان ڕووداوە مێژووییەکان و گۆڕانکارییە موزیکییەکان بەیەکەوە ببەسترێت. هەروەها بۆ توێژەرانیش دەکرێت وەک دەستپێکێک بۆ قوڵبوونەوە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی سەردەمە موزیکییەکان سوودبەخش بێت.

گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە هەوڵ دەدات لەگەڵ پاراستنی وردەکارییە مێژوویی و تیۆرییەکان، زانیارییەکان بە زمانێکی ڕوون و ڕێکخراو پێشکەش بکات؛ بە شێوەیەک کە خوێنەری پسپۆڕ و ناپسپۆڕ هەردووکیان بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ئامانجی کتێبەکە تەنها باسکردنی ناو و بەروارەکان نییە، بەڵکو هەوڵ دەدات خوێنەر تێبگات کە هەر سەردەمێکی موزیکی چۆن بەرهەمی بارودۆخی فکری، کۆمەڵایەتی و هونەریی سەردەمی خۆی بووە.

لە کۆتاییدا، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ نزیککردنەوەی خوێنەر لە مێژووی موزیکی جیهانی و دروستکردنی تێگەیشتنێکی فراوانتر لە پەیوەندیی نێوان موزیک، شارستانیەت و گەشەی مرۆڤایەتی، بە شێوەیەک کە ببێتە بناغەیەک بۆ خوێندنەوە و توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا.

# کورتەی چاخ و سەردەمەکانی موزیك

## سەردەمی ئەغریقیەکان ( ١٤٦ق.م تا ٤٧٦ )

ئەم سەردەمە بەسەردەمی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی تیۆری (نظریات) موزیك و مقامات و زەبزەباتی دەنگی و فەلسەفەی موزیکی دادەندرێت، هەروەها ڕۆمانەکان لەم سەردەمەدا بەیەکەم کەس دادەندرێن کە هونەری موزیکیان بەکار هێناوە بۆ بوارەکانی سەربازی وە ڕۆڵی سەرەکیان تیا بینیوە، ئەمەش بەبەکار هێنانی ئامێرە موزیکیە فودارە نوحاسیەکان. ئەمەش بەهەوڵ و لێکۆلینەوەکانی هەریەك لە ( فیساگۆڕس ـ ئەفلاتۆن ـ ئەڕستۆ ).

## سەردەمی ڕۆمانسیك (٢٥٠ ق.م تا ١١٥٠)

ئەم سەردەمە جیادەکرێتەوە لەسەردەمانی تر بەوەی کەموزیکی ئاینی (کەڵێسایی) و موزیکی دەنگی سەری هەڵدا و پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، ئەمەش بەهەوڵ و کۆششی ( پاپا گریگۆری ) بوو.

## سەردەمی گوتی (١١٥٠تا ١٤٠٠)

لەم فەترە زەمەنیەدا کە (٢٥٠) ساڵە، فۆرمی (پۆلی فۆنی) وە فۆڕمی موزیکی (دینی و دنیایی) بەفۆڕمی پیرۆزی کەڵێسایی هەژمار کران و کاریان پێکرا.

## سەردەمی بوژانەوە (١٤٠٠تا ١٦٠٠)

ئەم سەردەمە بە سەردەمی پێشکەوتنی (کۆڕاڵ) دادەندرێت لەسەر فۆڕمی (پۆلی فۆنی)، هەروەها بەسەردەمی پێشکەوتنی (ئامێرەکانی موزیك) و سەرهەڵدانی فۆڕمی موزیکی ماڵان (مادریگاڵ) دادەندرێت، ئەمەش لەسەردەستی (پاڵاسترینا و مولی) بوو.

## سەردەمی باڕۆك (١٦٠٠تا ١٧٥٠)

ئەم سەردەمەش بەسەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانی (ئۆرکسترا ـ ئۆپێرا ـ ئۆراتۆریۆ ـ کۆنشێرتۆ ـ فوجە) دادەندرێت. ئەمەش بەهۆی هەوڵ و شاکارەکانی هەریەك لە (باخ ـ هاندڵ ـ ڤیڤاڵدی) بوون.

## سەردەمی ڕۆکۆکۆ ـ کلاسیك (١٧٤٠تا ١٨٠٠)

ئەم سەردەمەش بەسەردەمی سەرهەڵدانی (سیمفۆنی) دادەندرێت، هەروەها (سۆناتا و کۆنشێرتۆ و ئۆپێرا و چوارینەی ژێداری) پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینی. ئەمەش بەهەوڵی هەریەك لە (بتهۆڤن ـ مۆتزارت ـ هایدن) بوون.

## سەردەمی ڕۆمانتیك(١٨٠٠تا ١٩٠٠)

لەم سەردەمەدا ئامێری (پیانۆ) پێشکەوتنی زۆر بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها جۆرەکانی سیمفۆنی وەك (سیمفۆنیای قصیدەیی ـ سیمفۆنیای درامایی موزیکی) پێشکەوتنی بەرچاویان لێ بەدی دەکران. ئەم کەسانەی کە بایەخیان بەم بوارانەش دەدا بریتی بوون لە (بتهۆڤن ـ شۆپان ـ شۆمان ـ شۆنبیرت ـ براماز ـ ڤاگنەر ـ بڕیلیۆز).

## سەردەمی مۆدێرن ( ١٩٠٠)

ئەم سەردەمەش بوبە سەردەمی سەرهەڵدانی موزیکی (تعبیری) و (ئامێری ئەلیکترۆنی).

# سەردەمی باڕۆک (١٦٠٠تا ١٧٥٠)

ووشەی (بارۆک) زاراوەیەکە بۆ هونەری بیناسازی و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و موزیک بەکار دەهێندرێت، ئەمەش بەواتای شێوازی سەرسوڕهێنەر یاخود ئازادبوون لە شێوازی لاسایی کردنەوە، یاخود نەخشە سازی لەهونەردا دەگەیەنێت.

ئەم ووشەیەش لەبنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (باڕۆکۆ)ی پرتوگالی کەبەواتای (مرواری خاو یان درشت) دێ.

هەروەها هۆشیاری لەم چاخەدا بوو بەهۆی دۆزینەوەو داهێنانی گرینگ وەک دۆزینەوەی(تەلیسکۆب ـ مایکرۆسکۆب ...)، هەروەها بیری زانستی زۆر لە یاساکانی جوڵە و خێرایی و ڕۆناکی و جۆرەکانی تری یاسای بیرکاری داهێنا. ئەم داهێنانانەش بەتەنها سودی بۆ تاک و کۆمەڵ نەبوو بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و بۆ گۆی زەوی هەبوو.

## خاڵە بەهێزەکانی گۆڕانکاری لە چاخی باڕۆک

١ـ لەگەڵ پەیدابوونی چەرخی بارۆک گەلانی ئەوڕوپا ڕزگاریان بوو لە دەستی دەسەڵاتدارێتی کەڵێسای ڕۆمانی و ئارەزوویان هەبوو کە ئیتر نەریتی دینی بگۆڕن بە نەریتی دنیایی.

٢ـ هەرلەم سەردەمەدا فەڕەنسا و ئنگلتەڕا کەشوێنی ئەنجامدانی چالاکی ئاینی و هونەری بوون گۆڕانکاریان بەسەر هات و فەرامۆشکران.

٣ـ لەسەردەمی بارۆک ئیسپانیا پێشەنگی خۆی لەدەست دا و شکستی هێنا.

## نوێ کاری و پێشکەوتنی فۆڕمەکانی موزیک لەم چاخەدا

لەم سەردەمەدا پێشکەوتنی دیارو بەرچاوو لەهەموو بوارەکانی هونەری موزیک هەستی پێکرا، بەتایبەتی لەدانانی شێوازی بۆتەکان وەک (ئۆرکسترا ـ ئۆپێرا ـ ئۆراتۆریۆ ـ کۆنشێرتۆ ـ سۆناتاـ سویت). وە بۆیەکەم جار ئاهەنگی موزیکی گشتی (کۆنسێرت) لەلەندەن لەساڵی (١٦٧٢) سازکرا و لەدوایشدا لەسەدەی هەژدەهەمدا گواسترایەوە بۆ ئەوروپا.

ئەمەش بەهۆی هەوڵ و شاکارەکانی هەریەک لە هونرمەندەکانی وەک (جۆرج فریدریک هاندڵ ١٦٨٤ـ ١٧٥٩ وە یۆهان سباستیان باخ ١٦٨٠ـ١٧٥٠ وە ئەنتۆنیۆ ڤیڤاڵدی ١٦٧٨ـ١٧٤١) بوون.

## شێوازی باڕۆک لە ئیسپانیا

شێوازی هونەرەکانی بیناسازی و پەیکەر تاشی و وێنەکێشان لە ئسپانیا سودیان لە شێوازەکانی ڕۆمانی و گوتی و شێوازەکانی چەرخی بوژانەوە وەرگرت و بووە هۆی دروست بوونی ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆیان کەلەناو شێوازەکانی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئەڵمانی جیا دەکرانەوە. ئەمەش دەگەراوە بۆئەوەی کە ئسپانیەکان بەشێک لەم جۆرە شێوازەیان لە عەرەبە داگیرکەرەکان وەرگرتبوو کەلەم سەردەمەدا ئسپانیایان داگیر کردبوو.

هەربۆیەش عەرەبەکان دەڵێن ئێمە سامانێی ڕۆشنبیری زۆرمان بۆ ئسپانیەکان جێ هێشتووە کە زیاترە لە ڕیتمەکانی سەماکارانی قەرەجەکان. هەروەها دەڵێن تیۆری موزیکی عەرەبی لە زانکۆکانی ئیسپانیا دەخوێنرا کە میرەکانی عەرەب لە ئەندەلوس دایان مەزراندبوو لە غەرناتە.

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایانی موزیکی ئیسپانی لەسەدەی شانزەهەمدا ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە لە پێشوە چوونی تیۆری موزیک و فێربونی موزیک کە (فێرناندۆ ئیستبان) لەشێوەی پەڕتوکێکدا کۆیکردبۆوە و سودی لە کارەکانی دانەرە بەناوبانگەکانی دەرەوەی ئیسپانیا وەرگرتبوو وەک (فلیپ دیڤیتری و جیوم دی ماشۆ و ئۆکجیم).

بەم شێوەیە ئیسپانیەکان توانیان سود لە موزیک و شێوازی ئەو دانەرە موزیکیە ئەوروپاییانە وەربگرن. هەرچەندە بەم ئەندازەیە نەبوو کە موزیکمەندان لە ئیتاڵیا و فەڕەنسا پێی کاریگەر بوون.

## قاڵب و فۆڕمە موزیکی یەکانی سەدەی شانزدەهەم و حەڤدەهەم

ناکرێ قاڵب (Form)ی موزیکی، لەسەر هەمان ڕێگاو شێوازی فۆڕمی بیناسازی دراسەبکرێت و بخوێندرێت، چونکە هونەری موزیک پەیوەندی بەکاتەوە هەیە و بەهۆیەوە ڕێگای پێنادرێت لە جیگای خۆیەوە بە جێگیری بمێنێتەوە. بەڵام هونەری بیناسازی بەپێچەوانەوە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە بۆیە جێگیرە.

کەواتە دەنگەکانی موزیک تاکە ئامرازن کە جێ بەجێ کاران بەهۆیانەوە گۆرانی یا موزیک دەژەنن، هەمیشەش پاش ئەم ژەنینە کۆتاییەک هەیە بۆ تەواو بوونی کارە هونەریەکان. ئەمەش بەواتای ئەوەی کە پاش تەواو بونی کارە هونەریەکان هەندێ لە پارچە موزیکەکان لەیاد دەمێننەوە و زۆربەیشی لەیاد دەچنەوە.

بۆئەوەی موزیک یاخود ئەم پارچە دانراوەمان بەزیندوویی بمێنێتەوە و هەمیشە لەیاد نەچن، پێویستە دانەرەکان زیرەکانە نۆتەی پێویست هەڵبژێرن و بەوردی ڕێکیان بخەن. چونکە بەکارهێنانی کەرەستە و نۆتەی زۆری موزیکی گەلێک جار دەبێتە هۆی ناتەواوی و شێواندنی قاڵب و پارچە دانراوەکانیش. بۆیە بەکارهێنانی نۆتەو کەرەستەی موزیکی بە شێوازێکی ئابوریانە دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە کارەکاندا.

کەم کردنەوەی کەرەستەو نۆتە موزیکیەکان و لادانی پارچە زیادەکانی دانراوەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی تەندروست و ڕێک دەبیتە هۆی ئەوەی کە بیسەر زۆر جار بەیەکەم گوێگرتن پارچە دانراوەکە لەبەر دەکات و لە زاکیرەی خەزن دەبێت و زۆرترین چێژی لێ دەبینێ.

## چنینی موزیکی لە سەدەی شانزدەهەم دا

ووشەی (چنین) بریتیە لە نوسینەوەی یاخود دارِشتنی پارچەیەکی هونەری بەواتای ئەوەی چەند ئامێر لە پارچەکە بەشداربن ئەوا ئەوەندە چنینەکان و خەتەکان فراوانتر دەبن، واتە لەپارچەکاندا بەهۆی جۆری چنینەکانەوە شێوازوو قەبارەی پارچە دانراوەکان بەدیار دەکەون. هەروەها چنین لە سەدەکانی شانزدەدا زۆر جیاوازی هەبوە لەگەڵ سەردەمەکانی ئەمرِۆماندا.

باوترین پارچەکانی ئەم سەردەمە بریتی بوون لە بۆتەکانی یاخود قاڵبەکانی سەما (Dance Form)، کە زیاتر بۆ بەسەما هێنانی بیسەران بوو، شایەنی باسە پەیوەندیەکی زۆر پتەو لەنێوان سەما و ئاوازی سەماکاندا هەبوونە، واتە کاریگەری سەما لەسەر ئاواز بەقەد کاریگەری ووشە بووە لەسەر گۆرانی. تەنانەت گەلێک جاریش برِگەکانی سەماکانی ئەوکاتە بەپێی بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی دەستە واژە موزیکیەکان وێنەیان دەکێشرا.

یەکێک لە قاڵبەکانی موزیکی ئەو سەردەمە بریتی بوو لە موزیکی پاڤان کەلەسەر سەمای پاڤان (Pavane) دادەنرا، کێشێکی دووانی و خێرابیەکی کەمی هەبوو. وەلەدوای ئەویش هەمیشە موزیکی گۆلیارد (Gallird) دەژەنرا کەئەویش لەسەر سەمای گۆلیارد دادەنرا، سەمایەکی شادی بەخش بوو کێشێکی سیانی هەبوو لەگەڵ تیژرِەوی یەکی خێرا.

دواتر هەوڵدرا بۆ بەرەو پێشوە چوونی قاڵبەکان و فراوان کردنیان، بۆئەم مەبەستەش موزیک ژەنان گەلێک جار ئاوازی سەمایەکیان دەکرد بە بناغە و بەهۆی گۆرِانکاریەکانەوە موزیکەکەیان

درێژ دەکردەوە. بۆنمونە کاتێک نۆتە درێژەکانی بەشی (بەیز) لەخوارەوەی پارچەکە بەرچاو دەکەوت ئەم نۆتانەیان دابەشدەکرد بۆ چەند نۆتەیەکی ووردتر ورد و پێیان دەوتن (وورد کردنەوەکانی زەمینە).

**زەمینە**



**وردکردنەوەی یەکەم**



**وردکردنەوەی دووەم**



**وردکردنەوەی سـێیەم**



**وردکردنەوەی چوارەم**



# سەرەتای قاڵبی موزیکی لە سەدەی حەڤدەهەم دا

لەکۆتایی سەدەی شانزەدا موزیکمەندانی ئیتاڵی یەکەمین تاقیکردنەوەیان لە تێکەڵکردنی هونەرەکانی (دراما و موزیک)دا کرد. واتە بوبە سەرەتای دروست بوونی قاڵبی ئۆپێرا (Opera)، واتە گۆرانکاریانکرد لە دەقی هۆنراوەی ئۆپێرا بەشێوەیەک کە بتواندرێ بگونجێ بۆ کاری هونەری موزیک.

موزیکمەندانی ئیتاڵی زۆر زوو درکیان بەوەکرد کە پێویستیان بە دەوڵەمەندکردنی قاڵبەکانی ئۆپێرا هەیە. بۆیە بەشی پێشکەشکردنی گۆرانیان لەنێوان پەیڤەکاندا زیادکرد. وەلەکاتی گۆرانیەکاندا نواندنی ئۆپێراکەیان دەوەستاند، وە گۆرانیەکان بەشێوەی ڕۆندۆ زۆر دووبارە دەبوونەوەو کۆڕسەکان دەیان وتنەوە، شایەنی باسە کۆڕسەکان بەشێکی گرینگ و چالاکیان لەسەر شانۆ دەگرت، وە ئەم موزیک ژەنانەی کە موزیکیان دەژەنی بۆ کۆڕسەکان پێیان دەوترا ئۆرکسترا (Orchestra).

ووشەی ئۆرکسترا: وشەیەکی بەڕەچەڵەک گریکیە و واتای جێگای سەما کارانی بەخشیوە کە کەوتۆتە نێوان تەختەی شانۆ و جەماوەرەوە، وە یەکەمین جار لە ئۆپێرای سەدەی حەڤدەیەمدا بەکارهێندراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئۆرکسترای سەدەی حەڤدەم لە ئامێرە ژێدارەکان و ئامێری هارپسیکۆرد پێکدەهات. وەهەندێ جاریش ئامێری دیکەی وەک فلوتەکان و ئۆبۆ و ترامپێت و درامەکان بەکاردەهێندران. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە ڕابەر لە ئۆرکسترای ئەم سەردەمەدا نەبووە. وە ژەنیاری ئامێری هاپسیکۆرد لە ڕێگەی ئامێرەکەیەوە ڕابەرایەتی تیپەکەی دەکرد.

لەسەرەتای هەر ئۆپێرایەکدا پارچەیەک موزیک لەلایەن ئۆرکستراوە پێشکەش دەکران و پێیان دەوترا ئۆڤێرچور ـ أفتتاحیە ـ (Overture)، کە کۆردەکانی بەنەرمی دەجولان و ڕیتمەکانی لێکدراو بوون و پارچەکەیان بەرەو جولەیەکی خێرا دەبرد بە شێوازی لاسایی کردنەوە.

## ئۆپێرا (Opera)

١ـ ئۆپێرا واتە تێکەڵکردنی دراما لەگەڵ موزیک.
٢ـ دووبارە کردنەوە لە موزیکەکاندا بەکاردەهات.
٣ـ دەقی دنیایی لە ئئۆپێرا بەکاردەهێندرێ بۆ لایەنی دراما و گۆرانیەکان.
٤ـ جلوو بەرگ و پێداویستی شانۆیی زۆری تیا بەکاردەهێندرا.
٥ـ کۆرس کەم بەکاردەهێندرێ و زیاتر تاک رۆییە.



# ئۆراتۆریۆ

ئۆراتۆیۆ لە دەقێکی ئاینی و پیرۆز پێکدەهات، کە لە کەڵێسا یاخود لە هۆڵی کۆنسێرت پێشکەشدەکرا. شێوەی ئۆراتۆریۆ لەشێوەی ئۆپێرا سادەتروو ئاسانتر بوو. چونکە پێویستی بەم هەموو جلوو بەرگ گۆڕینەو پێداویستیە شانۆییانە نەدەکرد. بەڵام موزیکەکەی وەک ئۆپێرا دووبارەکردنەوەی زۆری تیابوو وە داکاپۆی تیا بەکاردەهات بەواتای دوبارە کردنەوەی ئەوبەشەی نیوان داکاپۆکان لەسەرەتاوە دەژەندرانەوە. بەڵام لە ئۆراتۆریۆکاندا کۆڕسەکان زیاتر بواری دەربڕینیان هەبوو .



# سۆناتە (Sonata)

ووشەی سۆناتا: ووشەیەکی بە ئەصل لاتینیە و بەواتای (( گوێگرتن )) دێت لە ژەنین و گۆرانی. فۆرمی سۆناتا هەروەک ئاشنایین پێی بریتیە لە دانراوەیەکی موزیکی ئالی تایبەت بە ژەنین . بەڵام ئەگەر بە شێوەی گۆرانی وتن بێ ئەوا وەک فۆرمی کانتاتا دەناسرێت . ووشەی کانتاتاش بە ئەصل وشەیەکی لاتینیە و بە واتای (( گۆرانی گوتن )) دێت.

لێرەدا دەبی ئەوەمان لە بیر نەچێت کە جیاوازیەک هەیە لەنێوان سۆناتا و فۆڕمی سۆناتا ، سۆناتا وەک نمونەیەکی زندوو دەتوانین بی ناسێنین بە سیمفۆنیای کلاسیکی ، بەواتای نوسراوێکی موزیکی بۆ ئۆرکسترایەکی تەواو و پڕ.

بەڵام فۆرمی سۆناتا: واتە دانراوەیەکی موزیکی بۆ ئامیرێکی هاڕمونی وەک کلافیکۆرد هارپسیکۆرد و ئامێریکی موزیکی میلۆدی.



# جۆرەکانی سۆناتە (Sonata) لە سەدەی شانزدەهەم

سەرەتای سەر هەڵدانی ئەم قاڵبە موزیکیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٦١، دواتر لە چاخی باڕۆک ئەم فۆڕمە بەستراوە بە موزیکی حوجرە ( ماڵان) ی ئیتاڵی کە لەم سەردەمەدا دوو جۆر سۆناتا هەبوو یەکێکیان (سۆناتای کنیسەیی)بوو، کەلەدوای کاتەکانی نوێژ و نزاکان جێبەجێ دەکران، وە چوار جوڵە بوون کە ( خاو + خێرا+ خاو + خێرا) بوو . وە چوار ئامێر بوون وەک: دوو ئامێری کەمان+ یەک ئامێری چەلۆ+ یەک ئامێری ئۆرغن).

ئەوەی دووەمیان (سۆناتای حجرە) بوو، کە لەماڵە دەوڵەمەندەکان و تەختی شانۆکان ئەنجام دەدران بەلام لە بڕی ئامێری ئۆرغن ئامێری کلافیکۆرد ،کەدواتر بوو بە پیانۆ بەکار دەهات ، هەروەها جوڵەکان و موزیکەکان زیاتر پەیوەست بوون بە ژیانی رۆژانەی خەڵک و کێشەو خۆشیە دنیاییەکان.

ئەوەی جیگای ئاماژەیە یەکەم سۆناتا لەسەر دەستی هونەرمەند سکارلاتی نووسراوە، کە سەرەتا سۆناتاکانی لە سەر یەک جوولە دەنووسی کە جوولەکە لە دووبەش پێک دەهات .وە هەردوو بەشەکە لە یەک بیرۆکەی سەرەکی (پیم) پێک دەهات . سکارلاتی( ١٦٦٠-١٧٢٥ ) زیاتر لە ٦٠٠ سۆناتای هەبوو .

لەسەردەمی بارۆکیش ئەم فۆرمە پێشکەتنێکی گەورەو بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لەسەر دەستی یەکەم داهێنەری بارۆکی موزیک زانی بەناوبانگی ئەڵمانی (کارڵ فلیپ ئیمانوئیل باخ) ١٧١٤-١٧٨٨. کە کووڕی گەورە میوزیک زانی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ) ١٦٨٥-١٧٥٠ بوو، کەزیاتر لە ٧٠ کاری سۆناتای هەبوو بۆ ئامێرەکانی (هارپسیکۆرد و کلافیکۆرد و پیانۆ).وە سۆناتاکانی بەوە لەهی سکارلاتی جیادەکرانەوە کە زیاتر شێوازێکی دراماتیکی تیابەکار هاتبوو.

دواتر ئەم فۆرمە لەسەر دەستی هەردوو موزیک زانان (جۆزیف هایدن ١٧٣٢-١٨٠٩ و موتزارت ١٧٥٦-١٧٩١) پێشکەوتنی فراوانتری بەخۆوە بینی. وە هایدن توانی شێوەیەکی جێگیر بۆ فۆڕمی سۆناتا دابڕێژێت بە جۆریک کە توانرا تا سەدەی نوێش کار لەسەر هەمان شیوە بکرێت، ئەمەش بەوەی کە لە چەند جوڵەیەکی تایبەت و بیرۆکەیەکی تایبەت و کەمدا کردی بە فۆڕمێکی جێگیر کە دواتر باسیان دەکەین.

بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمی سۆناتا تایبەتە بە ژەنینی دوو ئامێری موزیکی کە یەکێکیان میلۆدیە بەواتای ئەوەی کە تەنیا توانای ژەنینی یەک هێلی موزیکی هەبووە، وە ئەوەی تریان هاڕمونی واتە توانای ژەنینی چینە دەنگیەکان و زیاتر لە هێلێکی میلۆدی هەبووە.

## فۆرمی سۆناتە (Sonata)

ئەم فۆڕمە بریتیە لە فۆرمێکی موزیکی فراوان و ناوەڕۆکەکەی لە چوار جوڵە پێک دی وەک:

جوڵەی یەکەم: ئەم جوڵەیە هەمیشە تیمپۆیەکی چالاک و خێرا( ئەلیگرۆ)ی هەیە، وەلە پێنج بەش پێکدێت.

أـ بەشی پێشەکی.
ب ـ بەشی نمایشکردن.
ج ـ بەشی هەڵچوون.
د ـ بەشی دوپاتکردنەوە (دووبارە).
و ـ بەشی کۆتایی.

تێبینی: بەشی پێشەکی مەرج نیە لەهەموو سۆناتەیەک بنوسرێتەوە.

جوڵەی دووەم: ئەم جوڵەیە هەمیشە تیمپۆیەکی هێمن و خاوی هەیە، وەلەڕووی داڕێشتنەوە شێوەیەکی دیار و جێگیری نیە. وە لە کەسێکەوەش بۆ یەکێی تر دەگۆڕێت.

جوڵەی سێیەم: ئەم جوڵەیە هەمیشە تیمپۆیەکی مام ناوەندی و سەمایی هەیە، وەلەڕووی داڕێشتنەوە پشت بە فۆڕمی مەنەوێت دەبەستێت. وە ڕیتمەکانی سیانی و سەماییین.

جوڵەی چوارەم: ئەم جوڵەیە هەمیشە تیمپۆیەکی زۆر خێرا و تیژڕەوی هەیە، وەلەڕووی داڕێشتنەوە پشت بە فۆڕمی ڕۆندۆ دەبەستێت و دواپین جوڵەی سۆناتا دەبێت.

سۆناتینا یاخود سۆناتەی بچووک جۆرێکە لە فۆڕمی سۆناتا و قەبارەکەی بچووکترە، وەبەهەمان شێوەی سۆناتا دادەڕێژرێت بەڵام بە فراوانی نا. وەک لە سۆناتینا بەشی هەڵچوون زۆر بەدەگمەن کاری پێدەکرێت هەربۆیەش زۆرجار بەم سۆناتینایانە دەوترێ سۆناتای بێ هەڵچون یا سۆناتای کورتکراوە.

# کۆنسەرتۆ (Concerto)

سەرەتا ووشەی کۆنسەرتۆ لە ووشەی (کۆنسەرتار)ی لاتینیەوە هاتوە بەواتای (پێشبڕکێ). لەناوەڕۆکیشدا ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە لەم فۆڕمە موزیکیەدا پێشبڕکێیەکی بەردەوام لەنێوان ئامێرە موزیکیە تەنیاکەو تیپێکی موزیکی ئۆرکسترای جۆراو جۆر لە ئامێرە موزیکیەکاندا هەیە. ئەوەی شایانی باسە ئەم پێشبڕکێ یە هەرلەسەرەتای دەست پێکەوە تا کۆتایی پارچەکە بەردەوام دەبێ.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قاڵبە موزیکیە ئامێریە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٦٨٦)ی زاینی، گرینکترین بەش یاخود پارچە تیایدا بەشی صۆلۆیە (Solo). دواتریش ئەم فۆڕمە گەشەی سەندو کۆنسەرتۆی گەورە (Concerto grosso) سەری هەڵدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم فۆڕمە بریتیە لە فۆرمێکی موزیکی سێ جوڵەیی وەک:

جوڵەی یەکەم: خیرا.
جوڵەی دووەم: خاو.
جوڵەی سێیەم: خیرا.

بەشی (کەدێنزا) هەروەک لەسەرەتاش باسمانکرد گرینگترین پارچەیە و لەدوای بەشی یەکەمەوە دەژەندرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە موزیک دانەر دەبێ زۆر بەوردی و بە سەبرەوە مامەڵە لەگەڵ دووشتی جیاواز بکات کە ئەمانەن:

یەکەم ـ ئامێرە موزیکیە تەنیاکەیە، دەبێ موزیک دانەر زۆر بە وریاییەوە لەداڕشتنی ئاوازەکانی، توانای ژەنینی موزیک ژەنەکە لە ئاستێکی بەرز نیشانبدات.

دووەم ـ تیپی موزیکی ئۆرکستراکەیە، کە هەمە جۆرە لە ئامێرە موزیکیەکان و تواناکان، وەدەبێ لێرەشدا موزیک دانەرەکە هەمیشە کارێک بکات کە ئەم ئامیرانە وەک ڕۆڵێکی پاشینە یا باگراوندی موزیک ببینن بۆ پاڵپشتیکردنی ئامێرە موزیکیە تاکەکە. واتە رۆلی ئۆرکستراکە تەنیا مساحەبەکردنی ئامێرە تەنیاکەیە.

ئەگەر سەیری سەرەتای داڕشتنی کۆنسەرتۆ بکەین لە چاخی بارۆک، هەمیشە ئاوازی سەرەکی ئۆرکستراکە دوبارە دەبووەوە پاش هەر نمایشێکی موزیکژەنە تەنیاکە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم فۆڕمە بریتیە لە فۆرمێکی موزیکی سێ جوڵەیی وەک:

جوڵەی یەکەم ـ تیمپۆیەکی خێرای هەبوە، بەبەردەوامی بەگژداچونی نێوان ئامێرە تەنیاکە و ئۆرکستراکە هەبووە. بەمەش بۆتە هۆی زۆربونی یان هەمە جۆر بوونی مەقام و پەیژە موزیکیەکان. وە بەگشتی جوڵەکە دابەشی سەر ئەم بەشانە بووە:

١ـ دووبارە بوونەوە.
٢ـ نمایشکردن.
٣ـ هەڵچوون.
٤ـ کەدێنزا (سۆلۆ).
٥ـ کلکەبەش (کۆدا).

جوڵەی دووەم ـ تیمپۆیەکی خاوی هەبوە، تاڕادەیەک شێوەی گۆرانی ئامێز بووە، بەهەمان شێوەی یەکەم ئامێرە تەنیاکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و ئۆرکستراکەش ڕۆڵی هاوکاریکردن و مساحەبە.

جوڵەی سێیەم ـ تیمپۆیەکی خێرای هەبوە، زۆرجار سود لە بیرۆکەی جوڵەی یەکەم دەبیندرێت بۆ جوڵەی سێیەم.

بەگشتی ئەم فۆڕمە بەپێی پێشکەوتنەکانی سەردەمە موزیکییەکان دوو جۆری تری لێ پەیدابوون ئەوانیش بریتین لە:

١ـ کۆنسەر تینۆ (کۆنسەرتۆی بچووک): بەهەمان شێواز دادەڕێژرێت بەڵام بە موزیکی کورتر و ئامێری کەمتر.

٢ـ کۆنسەرتۆی گرۆسۆ (کۆنسەرتۆی گەورە): بەشێوەیەکی بەرفراوان موزیکەکەی دادەڕێژرێت و سۆلیست لە کەدێنزا بەتەواوی ئازاد دەکرێت تواناکانی بخاتە گەڕ.



# یۆهان سباستیان باخ

ژیانی: لەساڵی ١٦٨٥لە ئەڵمانیا لەبنەماڵەیەکی موزیک زان لەدایک بووە، لەسەر دەستی باوکی فێری ژەنینی ئامێری کمان بووە، وە لەسەر دەستی برا گەورەکەی (کریستۆف) فێری ئۆرگن ژەنین بووە، دوو جار ژیانی هاوسەرگیری پێک هێناوە، خاوەنی ٢٠بیست مناڵ بوو کە هەموویان خەریکی کاری موزیکی بوون، لە دوا ساتەکانی ژیانی باخ خەریکی کارێکی موزیکی (فیوگ) بوو، بەڵام بەهۆی لەدەست دانی چاوەکانی نەی توانی کارەکە تەواو بکات. وە لە تەموزی سالی ١٧٥٠کۆچی دوایی کرد. لەدوای مردنی باخ کارەکانی باخ پشت گوێ خران ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی هەردوو هونەرمەندی بەناو بانگ (هایدن و موتسارت)، وە شێوازی نوسینی موزیک گۆڕانکاری بەسەرداهات. واتە لە شێوازی کۆنتراپۆینتی بۆ شێوازی کلاسیکی کە زیاتر پابەند بوو بە دروست بوونی پێکهاتەی دەنگی ستونی (عمودی).

ئەمە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی (مەندڵسۆن) لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا بایەخی بە کارە موزیکیەکانی باخ دا. دواتر کۆمەڵەی خۆشەویستانی باخ دانراو هەموو کارەکانی ئەویان بڵاوکردەوە.



# موزیکی باخ

١- لەموزیکی باخ بەئاشکرا شێوازەکانی هونەری باڕۆکی دیارن.
٢- لەسەرەتای دەست پێکی موزیکەکانی باخ هەستێکی بێ کۆتایی بەدی دەکرێت وە بەردەوام موزیکەکانی لە فراوان بوون دان.
٣- ریتم لە موزیکی باخ وەک چرکەی کاتژمێر بە نەگۆڕی بەردەوام دەبن.
٤- زۆربەی دانراوەکانی باخ لەروی ریتم و ئاوازەوە لە موزیکی فۆلکلۆری و گۆرانی و سەمای جوتیارانی ئەو سەردەمە وەرگیراون.

## دانراوە ئاینیەکانی باخ

کتێبخانەکانی جیهان پارێزگاریان لە ٥٨بەرگ کراوی گەورە کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم دانراوانە لەلایەن باخەوە دانراون، کە دوای کۆچکردنی بە ماوەیەکی زۆر کۆکراونەتەوە هەروەها تاکو ئەمڕۆش پەیمانگاکانی تایبەت بەکارەکانی باخ لە زۆربەی وڵاتانی دونیا خەریکی دۆزینەوە و بەدواداچوونی نوێن بۆ کارە موزیکیە کانی ئەم هونەرمەندە.

١- شایەنی باسە باخ لەپاڵ کارە ئاینییەکانی زۆر کاری موزیکی دنیایشی نوسیوە لەنێوانیاندا کانتاتای شادی بۆ ژن گواستنەوە و خۆشی.
٢- دانراوەکانی بۆ ئۆرکسترا و ئامێری پیانۆ لەجۆری سویت بەشێوەی ئەوروپی وەک سویتی ئینگلیزی و فرەنسی و ئەڵمانی کەناسراوە بە (بارتینی).
٣- بۆزیاتر دەولەمەند کردنی کارە دنیاییەکانی باخ هەڵسا بە بەکارهێنانی پەنجەی گەورە لەکاتی ژەنینی ئامێری پیانۆ.

٤- باخ ئۆکتافی دابەشکرد بۆ سەر دوانزە نیو تۆن بەشێوەیەکی یەکسان، کەئەمەش یارمەتی ژەنینی ئامێری پیانۆی دا لە هەڵبژاردنی هەر پەیژەیەکی گەورە و بچووک کە تاکوو ئەمڕۆش ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکرێت.

## جۆرج فریدریک هاندڵ (Georg Friedrich Handel)

ژیانی: لەساڵی ١٦٨٥لەئەڵمانیا لەدایک بووە، واتە لەهەمان ساڵی لەدایک بوونی باخ بووە، بەڵام هاندڵ (٩) ساڵ دوای باخ کۆچی دوایی دەکات (١٧٥٩). هاندڵ بەشی یاسا (قانون) تەواو دەکات لە بواری خوێندندا. بەڵام بەهۆی خۆشەویستی بۆ بواری هونەری دەست دەکات بەژەنینی ئامێری (کمان)، وە توانی لەگەڵ گەورەترین تیپی ئۆپێرا (ئۆرکیسترای ئۆپێرا) دا کاربکات.

هاندڵ زۆر کاری هونەری جۆراو جۆری ئەنجام داوە لەماوەی ژیانی، وە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی سەرکەوتنی هاندڵ ئەوەیە توانی زۆرترین سەفەر بکات بۆ وولاتانی ئەوڕوپا و هونەرەکەی خۆی بگەیەنێت بە کەلتور و رۆشنبیری ئنگلیزەکان. کە هەرئەمەش بوو وایکرد کە هاندڵ لەتەمەنی (٣٠) سالیدا وەک یەکێک لە گەورە موزیک زانانی ئەم سەردەمە بناسرێت.

هاندڵ لەپاڵ موزیکە دنیاییەکانی، زۆر موزیکی ئاینیشی هەبوو، وەتوانی لەم بوارەشدا شاکاری مەزن بهێنێتە کایەوە، هەروەک دوو کاری موزیکی ئاینی بەناوی (لەدایک بونی عیسا) و (مردنی عیسی) سەلامی خوای لەسەربێ. هەروەها لەساڵی (١٧٤٧) توانی گەورەترین موزیکی ئاینی بنوسێتەوە بەناوی جودە مەکەباوس (Judas Maccabaes)، کە پارچەیەک موزیکی بەتین و گەرم بوو.

هاندڵ لە دواساتەکانی تەمەنی (١٧٥٣) واتە شەش ساڵ پێش مردنی چاوەکانی لەدەستدا و توشی نابینایی بوو. هاندڵ ژیانێکی بەختەوەر و خۆش ئەباتەسەر و پارەو سامانێکی باشی دەست دەکەوێ لەکاتی نمایشکردنی کارەکانی، بەپێچەوانەی موزیک زانەکانی تر کە لە ژیانێکی نەمری و نەژیدا ژیاون.

لەگەڵ ئەوەشدا هاندڵ کەسێک بووە زۆر دڵ نەرم و بەسۆزوو بەزەیی بوە بۆ کەم دەرامەتەکان وە زۆر لە سامانەکەی و ئەو داهاتەی پێشکەش بە کەم دەرامەتان کردووە، بەتایبەتی زۆر بایەخی بە خانەی منالانی بێ دایک و باوک دەدا. هەربۆیەش ئۆرگێکی وەک دیاری بەخشی بە خانەی منالان. وە لە دوایشدا واتە دوای مردنی وادەرکەوت کە هەموو ئەو ڕێکخراو وموزیکانەی هەی بوو پێشکەشی خانەی منالانی کردبوو.



# موزیکی هاندڵ

١- هاندڵ لەکارە موزیکیە درامیەکانی زۆر بایەخی بە زەغرەفە دەدا بەتایبەتی لە ئاوازە گۆرانی ئامێزەکان کەبەتەنیا دەوتران، وە لەبەشی ئامێرەکان کەپێکەوە دەیانژەنی.

٢- لەکارەکانی هاندڵ صراع و مل ملانێ بەدی ناکرێت بەڵکو زیاتر خۆشەویستی و بەزەیی و (عاگفە)، رۆڵی سەرەکی دەبینێ و بایەخی پێدراوە.

٣- بیرۆکەی موزیکەکانی هاندڵ زیاتر لە دەقە پیرۆزەکانی تەوڕاتەوە وەرگیراون، نەک لە داستان و ئەفسانە کانی یۆنان کە تەنها لای یۆنانەکان باوبوە و هەر خۆیان تێی گەیشتوون لەگەڵ ئەوانەی ئەم زمانە دەزانن یا شارەزاییان لەم بوارە هەیە.

٤- هاندڵ بەهۆی شارەزایی لە بواری دەنگەکانی مرۆڤ و دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ، تاکەکەس بووە کە سەرکەوتنی لە کۆڕاڵ و دارشتنی بینیوە.

## خاڵە بەهێزەکانی سەردەمی بارۆک

١. نوێکاری لە نوسینەوە و چنینی موزیک بەشێوەی پۆلیفۆنی، واتە ژەنینی چەند دەنگێک لەیەک کاتدا، بە شێوازی نۆتەی ڕابەری (قائد) بۆ یەکەم جار لە شاری (البژقیه) لەساڵی ١٥٧٧م.
٢. بەکارهێنانی پەنجەی گەورە لە کاتی ژەنینی ئامێری پیانۆ.
٣. دابەشکردنی سلم یاخود ئۆکتافی موزیکی بۆ دوانزە بەشی یەکسان.
٤. پێشکەوتنی شێوازی پۆلیفۆنی بۆ زیاتر لە سێ خەت تا گەیاندیانە بەکارهێنانی هەشت خەتی سەربەخۆ.
٥. دەست نیشانکردنی خێرایی چنینی موزیکی و دانانی چەمکی تایبەت بە دەربڕینی دینامیکی ژەنین بە خاوی و خێرایی و سەبری و توندی.

## سەدەی ڕۆکۆکۆ (Rokoko) ١٧٢٥

شایەنی باسە سەدەی ڕۆکۆکۆ سەدەیەکی زۆر کورت بووە و کەویتۆتە نێوان هەردوو سەدەی بارۆک و سەدەی کلاسیک، هەرلەبەر کورتیەکەشی بووە کە شتێکی وا بەرچاوو و دیاری تیا بەدی نەکراوە کە جێگای ئاماژە بۆکردن بێ تیایدا.

لەسەردەمی ڕۆکۆکۆدا مێژوو نوسەکان کەوتنە بیرکردنەوەی ئەوەی کە کارو چالاکیەکانی موزیکی هەریەک لە باخ و هێندڵ بنوسنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بناغەی مێژووی موزیک داڕێژن و دروستی بکەن لەسەری .

هەرلە ڕۆکۆکۆدا مۆزارت لە تەمەنی لاویەتیدا دەبێ بە قوتابی یۆهان کریستیان باخ ١٧٣٥-١٧٨٢(J.ch.Bach) کە دەکاتە کوڕی باخ، و وانەی موزیکی وەردەگرێت.

لەم سەردەمەدا موزیکی باخ ڕۆڵێکی کرینگی هەبووە و هەستێکی زۆر گەرمی بەخشیوە بە خەڵک، هەربۆیەش موزیکەکانی باخ زۆر دووبارە ئەکرانەوە و لە خوێندنگاکاندا کاری لەسەر دەکرا.

موزیکی باخ لەرێگەی کورەکانی توانرا بە زیندوویی بمێنیتەوە و موزیک زانان و مێژوو نوسان و تیۆر زانەکان توانیان ئەم موزیکانە وەک میتۆدێک لە قوتابخانەکان بەتایبەتی قوتابخانەی (مانهایم)لە ئەڵمانیا لە نیوەی سەدەی ١٨، بەکار بهێنن و دراسەی تەواوی کارەکانی بە وردی بکەن ، وە دواتر ئەم هەنگاوە وای کرد کە زاناکانی ئەم بوارە توانیان وەک بناغەیەک بۆ سەردەمی بارۆک سودی لی وەربگرن .

لەم سەردەمەدا دوو هونەرمەند بەدیارکەوتن و توانیان بەکارەکانیان ناوەکانیان بەدرەوشاوەیی بهێڵنەوە ئەوانیش: (جان فلیپ ڕامۆ) ١٦٨٣- ١٧٦٤ و (دۆمینیکۆ سکارلاتی) ١٦٨٥-١٧٥٧ بوون. هەروەها کارڵ فلیپ ئیمانوئیل باخ ١٧١٤-١٧٨٨ توانی وەک دامەزرینەری قوتابخانەی مانهایم ناوی مەنهایم بە زیندویەتی بهێلیتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆر لە قوتابیەکانی فلیپ دواتریش بەردەوامیان دا بە ڕیچکەی فلیپ و بەردەوام بوون لە پێشکەشکردنی کاری جوان، لەوانە ( یۆهان ستامیتز) و (فرانس ریچتر) و (ئیگناز هۆڵزباروو).

## سەدەی کلاسیک (Klassic) ١٧٧٠ -١٨٣٠

کلاسیک یان کلاسیزم زۆرجار لەبڕی ووشەی کلاسیک ووشەی کلاسیزم بەکار دەهێندرێت ئەمەش بەو واتایە دی کە بریتیە لە: ( بزوتنەوەیەکی هونەری و وێژەیی، کە پێشنیاری لاسایی کردنەوەی هونەر و ستایل و شێوازەکانی هونەری گریکیەکان و لاتینەکان دەکاتەوە.

واتای کلاسیک : ئەم داهێنان و کارە موزیکیە پێشکەوتوانە دەگرێتەوە کە تۆپ (یەکەم) بوونە لە ڕوانگەی پێکهاتەی شکلی موزیکی دیاریکراوو. لەوانە کارەکانی هونەرمەندی مەزن (تچایکۆ فسکی) ١٨٤٠-١٨٩٣، کە جوانترین قیمەکانی یا خەصڵەتەکانی کلاسیکی پێوە دیار بوون.

پایتەختی گەشەکردنی کلاسیک یاخود گەشەی بزوتنەوەکە شاری ڤینا بوو کە پایتەختی نەمسایە. ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو کە هونەرمەندان و موزیک زانەکانی ئیتاڵی و ئەڵمانی و فەڕەنسا گشت شاکارەکانیان هێنابوو بۆ ئەم شوێنە و بناغەیەکی بەهێزیان بۆ داڕێشت بوو، نەک تەنیا لەڕی هونەریشەوە بەڵکو لەڕی زمانەوانی و گەشەی ڕۆشنبیریش بایەخ و گرینگیەکی زۆریان بە ڤینا ئەدا.

شایەنی باسە لەم سەردەمەدا جموجۆڵێکی هزری و فەلسەفی نوێ هاتە کایەوە و زۆریک لە فەیلە سوفەکان ووتەی جۆراو جۆریان لە بارەی موزیکەوە دەکرد، هەروەک ئەرستۆ ( ٣٨٤ ق.م - ٣٢٢ ق.م ) دەڵێت: (ئاوازەکانی گشت ئەم مۆدانەی چارەگە تۆنیان تیایە مێشک ماندوو دەکەن، وە ئاوازەکانی مۆدی میکسۆ لیدیان هەستێکی دڵتەنگی و جەنجاڵی دەبەخشن و ئاوازی مۆدی فریجیان گڕوو جۆش بە مرۆڤ دەدەن).


بەڵام هەندیک لە زانا و فەیلەسوفەکانی سەدەی کلاسیک لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەرستۆدا نەبوون و ئەوان پێیان وابووە کەمۆدەکانی/

١- دۆریان =هەستی شەڕانی دەبەخشێ.
٢- فریجیان = هەستی هێمنی دەبەخشێ.
٣- لیدیان = هەستی پەژارەیی دەبەخشێ.
٤- میکسۆ لیدیان = هەستی سکاڵا دەبەخشێ.
٥- هیپۆ دۆریان = هەستی شکۆمەندی دەبەخشێ.
٦- هیپۆ فریجیان = هەستی چالاک دەبەخشێ.
٧- هیپۆ لیدیان = هەستی شەڕخوازی دەگەیەنێ.


دۆریکۆ




ئیپۆ دۆریکۆ



فریجیۆ




ئیپۆ فریجیۆ



لیدیۆ



ئیپۆ لیدیۆ



میزۆ لیدیۆ



لێرەدا ئەبینین موزیک و کاری گەری موزیکی لەسەر هەستەکانی مرۆڤ و ورووژاندنی زۆر بە خێرایی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە لەگەڵ گۆرانکاریەکانی موزیکی و سەردەمەکان. لەگەڵ هەموو ئەم بۆچوونە دژانەی سەرەوەش ئەبینین بۆچوونیکی تەبا لەسەر موزیک و پەروەردەکردنی مرۆڤ بەموزیک هەیە لە نیوان زانا و فەیلەسوف و موزیک زانەکان، کە ئەڵێن: ( موزیک ڕەوشتی جوان لە کەسایەتی مرۆڤ دەچێنێت و دەروونی مرۆڤ ناسک ئەکات). هەربۆیەش موزیک و خوێندنی موزیکی لەلایەن گریکەکانەوە تا تەمەنی سێ (٣)ساڵی بەزۆری بووە .

شایەنی باسە گریکیەکان لە موزیکی خۆیان زیاتر بایەخیان بە موزیکی مرۆیی (Vocal Music) داوە جیا لە موزیکی ئامێری (Instrumental). وە شێوەی موزیکەکەیان زیاتر گۆرانی بووە هەربۆیەش ئەفلاتون ٣٤٧-٤٢٧ دەڵێ: ( ئاواز (Melody) و ریتم (Rhythm) چ واتایەک دەبەخشێ گەر ووشەیان لەگەڵدا نەبێت).

هەروەها لەم سەردەمەدا  سەیرکردنی بەرهەم و موزیک و کارە هونەریەکان بەچاوێکی ڕەخنەگرانە و ووردتر لەجاران بوو، وە شێوازێکی تر کە بەراورد کاری بوو لە نێوان هونەری کۆن و نوێ، هاتەکایەوە.

سەردەمی کلاسیک بایەخێکی زۆر بە نۆتەی بنکە (Tonic) ئەدرا و هەمیشە ئاوازەکان لە دەوروو بەر و لە سەروو و خوارووی ئەم تۆنە دەخولانەوە و ڕستەکانیش لە کۆتایدا لەسەر  هەمان دەنگ کۆتاییان پێ ئەهات. واتە جیا لە دارشتنی سەردەمی گریک کە نوتەی ناوەند (Mese) تایبەت مەندی هەبووە و گرینگی پی دراوە.

سەردەمی کلاسیک ١٧٥٠ زۆر پێشکەوتنی موزیکی ڕوویدا ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە زمانی موزیکی بارۆکی نەیتوانی شان بەشانی ئەم پێشکەوتنە هەستی و چێژیەی مرۆڤی سەردەمەکە بێ ، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریش کاریگەریەکانی شۆڕشی فەڕەنسا کە ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ کاری کردە سەر سەرهەڵدانی ئەم فەترە زەمەنیە ئەمەش بە هۆی پرەنسیپەکانی داواکاری میللەت بوو بۆ گەڕانەوە بۆ سرووسش (العوده الی الاشیاء الگبیعیه).

هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی کلاسیک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هونەری کۆنتراپۆینتی باڕۆکی گەیشتە لووتکەی گەشە سەندنی و نەیتوانی چیتر پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینی و بەردەوام بێ لەگەڵ داواکاریەکانی سەدەی نوێ، هەروەها جیلی نوێ لە موزیک زانەکان بەدوایی هونەریکی تری دەگەران کە سوکتر و ئاسانتر و زیاتر واقعیتر و فراوان بی و دوور بی لە بنەماکانی کۆنترا پۆینتی بارۆکی و پۆلی فۆنی، چونکە کۆنترا پۆینت عەقلیکی حسابی زۆر گەورەی دەویست و زۆریش معقد بوو. ئەوەبوو هۆمۆفۆنی (هارمۆنیان) دۆزیەوە کە زیاتر پابەند بوو بە هەستی ناوەکی (احساس الداخلی).

هۆمۆفۆنی: واتە سەیتەرەکردن لەسەر ڕێچکەیەکی ستونی بەهاوکاری کۆرداتی ئاوازی سەرەکی بەشێوەی کۆرد کە چەند دەنگیک لەیەک کاتدا بژەندری، کەوادەکات ببێ بە قورسایی هەستەکان لەناو کۆرد دا ئەمەش بەهۆی کۆرداتی سەرەکی سیانی و هەڵگەراوەکانیان کە (١-٤-٥) دەبێ کە دەکاتە دەنگە سەرەکیەکانی مۆدەکە و ناهێڵێ ئاوازەکە لە مەودای ئاوازی خۆی تێ پەڕێ.

هەروەها لەم قوتابخانانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە سەردەمی کلاسیک و توانی شوێن پەنجەی خۆی بکاتەوە قوتابخانەی (منهایم) بوو .

قوتابخانەی مەنهایم توانی زۆر بیرۆکەی نوێ لە موزیکدا زیاد بکات لەوانەش توانی شێوەیەکی نوێ بە سیمفۆنی ببەخشێ بە زیادکردنی ئامێری کلارنێت لەناوی بۆ یەکەم جار و دواتریش وەک ڕێچکیەک بەکار دەهات لەم فۆڕمەدا. هەروەها لە ڕوانگەی دینامیکی و بەکارهێنانی لەناو موزیکدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا.

هەروەها ئامانجێکی تری ئەم بزوتنەوە زیاتر ئەوەبوو کە کۆت و بەندەکان بشکێنێت، بەواتای ئەوەی کە نەریتی میللی و پێشکەوتنی زانست ببن بەدوو شتی سەربەخۆ و هیچ یەکێکیان نەبێ بەکۆسپ و ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی ئەوەی تریان. ئەمەش لە ڕێگەی دەرک کردن بەڕا ستی و درووستی و باشی کارەکان بوو بەدرک کردنێکی لۆژیکی و عەقڵی لە ڕێگەی هەست و هۆش و مێشک دا. ئەمەش بەواتای ئازادی ڕادەربڕین دێت.

ئازادی ڕادەربڕین بەوەی کەدەبێ شتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بێت. ئەوەبوو کە فەیلەسوفەکانی وەک کانت زۆر قسەو باسیان لەناو زانکۆکان و خەڵکی بڵاو کردەوە و ئازادی ڕادەربڕین و گۆڕینی ڕێچکەکان بووبە بەردی بناغەی سەردەمی کلاسیک ئەمە لەلایەک.

لەلایەکی تریش بنچینە و ڕێبازەکانی شۆڕشی فەڕەنسی کە هەر پاڵپشتی ئازادی و یەکسانی و داد پەروەری، بوو دنیای هەژاندبوو.

جێگای ئاماژە بۆکردنە لەدوای ئەم هەموو شەڕوو ململانێیەی ئەوروپا بەگشتی و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و فرەنسا بەتایبەتی، شاری ڤینا هەروەک پایتەختێکی هونەری و موزیکی پایە بەرز مایەوە و بەردەوام لە پێشکەوتن دابوو.

ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنی جوگرافی شارەکە کە دەکەوێتە نێوان شەش وڵاتەوە(جیک ، ئەلمانیا ، مەجر یا هەنگاریا ، ئیتالیا ، سویسرا، روسیا)، هەمیشە جێگای هاموو شۆکردنی زوربەی هونەرمەندان و موزیک ژەنان بووە.

## خاڵە بەهێزەکانی سەردەمی کلاسیک

١- موزیکی سەردەمی کلاسیک توانی هاوسەنگی لەنێوان ناو ناوەڕک درووست بکات، بە بەکارهێنانی هارمۆنیەکی روون و سادە.
٢- موزیکی ئەم سەردەمە زیاتر دەربڕینی هەست و نەستەکان بووە لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ئەم سەردەمە، واتە موزیکێکی راستەقینە بووە بابەتەکانی.
٣- لەم سەردەمەدا بوو ئامێرەکانی ئۆرکسترا جێگیر کرا لەرووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە، هەروەها چوار ئامێرە ژێدارەکان کە بریتین لە (کمان و ڤیۆلا و چەلۆ و کۆنتراباص) وەک بناغەی ئۆرکسترا دەست نیشانکران.
٤- موزیکی ئەم سەردەمە شێوازێکی گۆرانی ئامێزی وەرگرت بەواتای ئەوەی دەتواندرا لەبەر بکرێت.
٥- ئامێری پیانۆ زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و پێداڵیان بۆ زیادکرد، کەبەهۆیەوە ئازازەکان زۆر بەنەرمی و بە خۆشی بەرگوێ دەکەوتن.
٦- هەرلەم سەردەمەدا فۆڕمی سیمفۆنیا دەرکەوت و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی .

# سیمفۆنی (Symphony)

ووشەی سیمفۆنی کەلە بنچینەدا ووشەیەکی لاتینیە و لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە ووشەی (سیم - Sym)، بەواتای لەگەڵ دێت. هەروەها (فۆنی - Phony)، بەواتای دەنگ یا نەغمە دێت. واتە بەهەردوو ووشەکە واتای (لەگەڵ دەنگ)، دەبەخشێت. هەندێ لە موزیک زانانیش پێیان وایە ووشەی سیمفۆنی واتای ( دوو دەنگی یان زیاتر، دەبەخشێت کەلەیەک ساتدا دەبیسترێن.

ئەم قاڵبە موزیکیە بەیەکێک لە بەرفراوانترین بۆتە موزیکیەکان هەژمار دەکرێت، وە مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٠٠تەکان. واتە سەدەی حەڤدەهەمی زاینی. کە هەردوو موزیکزانی بەناوبانگ (کارڵ فلیپ ئێمانوئێل باخ)ی ئەڵمانی و (سماڕتینی) ئیتاڵی، بنەماو بناغەی ئەم قاڵبەیان داڕێشت و فراوانیانکرد.

زۆرجار بە زۆربەی قاڵبە موزیکیە ئامێریەکان دەوترا سیمفۆنی، وەک: ئەو گروپە موزیکیە ئنسترومێنتیانەی کەلە نمایشەکانی شانۆ یا ئۆپێرا وەک پێشەکییەک موزیکیان نمایش دەکرد، واتە دەتوانین بڵێین کە سەرەتای سەرهەڵدانی سیمفۆنی یا قاڵبەکە خۆی لە قاڵبی سەرەتای یان پێشەکی یا ئۆڤەرتوری ئیتالی بووە و لەوێوە چەکەرەی کردووە و بوە بە قاڵبێکی سەر بەخۆ.

سیمفۆنی بەشێوەیەکی گشتی لە چوار جوڵەی سەرەکی پێکدێت، بەڵام سێ جوڵەیشی هەیە هەروەک چۆن موزیک زانی بەتوانا ( جۆزیف هایدن ) کەخاوەنی ١٠٣سیمفۆنییەیە زۆربەی سیمفۆنیەکانی لە سێ جووڵە پێکهاتوونەو نوسیویەتیەوە.

دووای ئەمانە لەسەدەی ١٩ نۆزدەهەمدا جۆرێکی تری یا شێوازێکی تری سیمفۆنی سەری هەڵدا (سیمفۆنی نوێ) کە سەرجەم بەشە موزیکیەکانی لە ناوەڕۆکی تەنها یەک جوولەی موزیکی نیشان دەدران.وەک: شاکارەکانی ( سبیلیۆس ). بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆک و پێکهاتەی سیمفۆنی کلاسیک بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

جوولەی یەکەم: تیمپۆیەکی خێرا (Allegro)ی هەیە،ئاواز و مۆتیڤی سەرەکی کارەکەی تیا نمایشدەکرێت. لەناوەڕۆکی داڕشتنی ئاوازەکانی ئەم بەشەدا موزیکدانەر کاربە (قاڵبی سۆناتە) دەکات واتە نمایشی بەشەکانی ( پێشەکی ـ نمایشکردن ـ هەڵچوون ـ دوپاتکردنەوەی بەشی نمایش ـ کلکەبەش یا کۆدا).

جوولەی دووەم: تیمپۆیەکی خاو (Andante)ی هەیە، چەند ئاواز گۆڕکێیەک لەناوەڕۆکی ئەم بەشەش دروست دەکرێت لەلایەن موزیک دانەرەوە.

جوولەی سێ یەم: تیمپۆیەکی مام ناوەندی هەیە لە خێرایی (Moderato)ی هەیە، ئاوازەکانی سەما ئامێزن و زیاتر ئەم بەشە لەسەر قاڵبی مەنوێت داڕێژراون.

جوولەی چوارەم: تیمپۆیەکی زۆر خێرا (Presto)ی هەیە،زۆرجار موزیک دانەر هەمان ئەو داڕشتنە بەکار دەهێنێتەوە کە لە جوولەی یەکەم کاری پێکردووە واتە داڕشتنەوەی بۆتەی سۆناتەیە.



# موزیکی مالان (الحجره)

لە چاخی کلاسیکی موزیکی مالان یەکێک بوو لە گرینگ ترین و باوترین جۆری موزیکەکان، ئەم شێوازەش هەروەک لەناوەکەیدا دیارە، لە ماڵە دەوڵەمەند و خاوەن پلەو پایەکاندا بەهاوکاری چەند موزیک ژەنێکی دیاریکراو واتە بەدەست دەژمێردران، ئەنجام دەرا. هەروەها لەم جۆرە موزیکە هەموو سیفاتەکانی موزیکی چاخی کلاسیکی پەیڕەو دەکرا و شێوازێکی نوێی وەرگرت دوور لە شێوازە سەرەتاییەکەی کەلە چاخی باڕۆک لەسەری بنیات نرابوو.

شایەنی باسە موزیکی ماڵان لە سەردەمی کلاسیک دورکەوتەوە لە بەکارهێنانی (باص المتصل) واتە باصی ژمارەیی، وەلە باوترین و دیارترین جۆری ئەم شێوازەی موزیکی ماڵان شێوازی چوارینەی ژێدار بوو . کە شان بەشانی صوناتای پیانۆ ڕۆڵی دەگێڕا لەسەردەمەکەدا.



# چووارینەی ژێدار

چوارینەی ژێدار یەکێکە لە فۆڕم و قاڵبە موزیکیەکانی چاخی کلاسیک، ئەو ئامێرانەی بەشدارن لە جێ بەجێکردنی موزیکەکانی ئەم فۆڕمە بریتین لە: ئامێری کەمان، هەروەها ئامێری ڤیۆلا، وە ئامێری چەلۆ.

چوارینەی ژێدار لە دارِێشتنیدا پشت دەبەستێ بەهەمان شێوەی دارِێشتنی قاڵبی موزیکی صۆناتا، واتە موزیکی ماڵانیش لە چوار جوڵە پێکدێت وەک صوناتا و بەهەمان ناو و ناوەڕۆکی فۆڕمی صۆناتا کاری لەسەر دەکرێت تەنها جیاوازی ئەوەیە کە صۆناتا بۆ دوو ئامێر دەنوسرێتەوە کە ئامێرێکیان ئامێری میلۆدیە و ئەوەی تریان ئامێرێکی هارِمۆنیە وەک ئامێری پیانۆ . بەڵام چوارینەی ژێدار بۆ چوار ئامێری ژێدار دەنوسرێتەوە کەلەسەرەوە ئاماژەمان بۆیانکرد.

چوارینەی ژێدار یەکێکە لە فۆڕم و قاڵبە موزیکیەکانی چاخی کلاسیک، ئەو ئامێرانەی بەشدارن لە جێ بەجێکردنی موزیکەکانی ئەم فۆڕمە بریتین لە: ئامێری کەمان، هەروەها ئامێری ڤیۆلا، وە ئامێری چەلۆ.

چوارینەی ژێدار لە دارِێشتنیدا پشت دەبەستێ بەهەمان شێوەی دارِێشتنی قاڵبی موزیکی صۆناتا، واتە موزیکی ماڵانیش لە چوار جوڵە پێکدێت وەک صوناتا و بەهەمان ناو و ناوەڕۆکی فۆڕمی صۆناتا کاری لەسەر دەکرێت تەنها جیاوازی ئەوەیە کە صۆناتا بۆ دوو ئامێر دەنوسرێتەوە کە ئامێرێکیان ئامێری میلۆدیە و ئەوەی تریان ئامێرێکی هارِمۆنیە وەک ئامێری پیانۆ . بەڵام چوارینەی ژێدار بۆ چوار ئامێری ژێدار دەنوسرێتەوە کەلەسەرەوە ئاماژەمان بۆیانکرد.

زۆرجار چوارینەی ژێدار بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێ لە ڕوانگەی پێکهاتەی ئامێرەکانیەوە وەک:

جاریوا هەیە هەمان شێوازی دارشتنی چوارینەکە بۆ سێ ئامێری ژێدار لەگەڵ ئامێرێکی هەوایی وەک ئامێری فلوت یان ئۆبوا یانیش ئامێری پیانۆ دادەڕێژرێت.

وەهەندیک جاریش بۆ سێئامێر دەنوسرێتەوە و پێشی دەوترێ شێوازی سیانی (Trio).

هەندێ جاریش بۆ دوو ئامێر وەک ئامێری کەمان و ئامێری پیانۆ. کە هاوشێوەی صۆناتاکەی لێدێ تەوە.

ئەوەی گرینگە کە ئاماژەی پێبکەینەوە چوارینەی ژێدار وجۆرەکانی گشتیان بە موزیکی مالان ناوزەد دەکران لە سەردەمی کلاسیک.



# موزیکی دینی لەسەردەمی کلاسیک

دوابەدوای ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە چاخی کلاسیک و موزیکی کلاسیکی ڕویدا، دەتوانین بڵێین موزیکی ئاینی هەروەک چۆن پێشتر پێگەیەکی گرینگی هەبوو لەناو موزیک دانەرەکان و میللەتەکانی ئەم سەردەمانە، ئەم پێگەیەی خۆی هەرماوە و بەشێوەیەک لە شێوازەکان وەک خۆی مابووەوە ئەمەش زیاتر بەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە دەبینین موزیک دانەرەکانی وەک (کارڵ فلیپ ئەمانوئێل باخ) توانی گەشەیەکی فراوان لەناو موزیکی دینی بکات بە لێک بەستنەوەی هەردوو شاکارە موزیکیەکانی دانەری بەتوانا (باخ) وەک ئسلوبی کانتاتا و (هایدن) وەک ئسلوبی ئۆراتۆریۆ، بوو هەربۆیە ئەگەر سەیری دانراوە ئاینیەکانی سەدەی کلاسیک بکەین دەبینین ئەم جۆرە دانراوانەی خوارەوە هەبوونە و بەردەوامیان پێوە دیارە.

١-القداس Mass -٢-القداس الجنائزی Requiem Mass -٣-الموتیت -٤-الصلات المتکررە Litany -٥-صلات الغروب Vespers .

دیارترین دانەرەکانیش بریتیبوون لە: (جۆزیف هایدن، میخائیل هایدن، موتسارت، بتهۆڤن).

مۆتێت (Motet): یەکێکە لە جۆرە بەناوبانگەکانی بۆتەی ئاینی یاخود موزیکی مرۆیی، کە بەهۆی کۆمەڵێک دەنگی مرۆیی جیاواز لەرووی چینی دەنگییەوە دێتە نمایشکردن. ئەم فۆرمە ئاینیە زیاتر وەک دەنگ نمایش دەکرێت بەبی هاوکاری موزیکی تەنها هەندی جار نەبی کە ئۆرگی کەنیسەیی یاوەری سەرەتاکانی دەکات.

لەرووی داریشتنی موزکیشەوە مۆتێت بەشێوەی کانوون یا شێوەی فوگە کاری لەگەڵدەکرێت. بە شێوەی کۆنترا پۆینتی. وە سەدەی رێنیسانس بە سەدەیەکی زێرین هەژمار دەکرێت بۆ دەرکەوتن و پێشکەوتنی گۆرانی مۆتێت.

## ئۆپێرا لەسەردەمی کلاسیک

سەبارەت بە ئۆپێرای سەدەی کلاسیکیش ئەبینین جیاوازی لەگەڵ ئۆپێرای سەدەی بارۆک کەمترین جیاوازی بووە کەهەستی پێدەکەین سەبارەت بە پێکەوتن و گۆڕانکاری لەڕووی موزیکی ئامێریەوە، واتە هەندیک گۆڕانکاری لە ڕوی ئامێرەکان و موزیکەکەیانەوە ڕویدا بەڵام بەشێوەیەکی ئاوا با و دیار نەبوو کە بتوانین ئاماژەی پێبکەین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم چەندین جۆر ئۆپێرای تر  پەیدابوو وەک:

١- ئۆپێرای کۆمیک لە فەڕەنسا کە بەوە جیادەکرێتەوە لە ئۆپێرای هەزەلی کە لەم جۆرەیان (کۆمیک) قسەکردن بەشێوەی وەڵام دانەوە هەیە لە نێوان بۆشاییەکانی گۆرانی گوتن.
٢- ئۆپێرای زنجشبیل واتە شانۆگەریەکی گۆرانی ئامێز: ئەم جۆرەیان لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئۆپێرای هەزەلی کە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیبوو لە ولاتانی ئنگلیز. وە بەوە جیا دەکرێتەوە لە جۆری یەکەم کە قسەکردن لەناو گۆرانیەکە دروست دەبێت، واتە ئاوێتەکردنی قسە لەگەڵ گۆرانیەکە.
٣- ئۆپێرای بۆڤا/ ئەمجۆرە ئۆپێرایە لەئیتاڵیا سەری هەڵدا، سەرەتا بەشێوەیەکی نافەرمی بە جۆرێک وەک هەزەلی یا کۆمیدی دەناسرا و سەیردەکرا وەدەناسراوە و جیادەکراوە لە جۆرەکانیتری ئۆپێرا.

ئەم جۆرە ئۆپێرایە بەشێوەیەکی گشتی دوای ڕووداوەکانی ناپۆلی لەنیوەی یەکەمی سەدەی ١٨ هەژدەهەم سەری هەڵداو بەدیارکەوت لەناو میللەتانی ڕۆمانیا و ئیتاڵیا، لەسەرەتای دروست بوونی زیاتر لەژیانی خەڵک و کێشەکانیان دەدوا بە زمانێکی سادەی خەڵکەکە و دارِێشتنێکی سادەی موزیکی بۆ دەکرا بەجۆرێک کە هەموو خەڵک بتوانن لێی تێبگەن و بەشداربن لە ئەنجامدانی ڕۆڵەکان، واتە بەسادەییەکەشی دەتوانرا لە جۆرەکانیتری ئۆپێرا جیا بکرێتەوە.

ئەم جۆرە ئۆپێرایە بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا کاری لەسەرکراو پێشکەشکرا بەهەمان بابەتە ایتاڵیەکانی کەلەسەری دارێشترابوون بەڵام بە وەرگێڕانی دەقەکان بۆ زاراوەی فەرەنسی. لە ئۆپێرای بوڤا کەسایەتی و ئەکتەرە کۆمیدیەکان ڕۆڵی سەرەکیان دەبینی و بەشداری تەواویان دەکرد لە کۆی ئۆپێراکە، تا ئەم کاتەی ئۆپێرای کۆمیدی بوە جۆرێکی تایبەت و جیا و سەربەخۆ لە جۆرەکانی تری ئۆپێرا.

جۆرێک تێکەڵاوی و هاو شێوەیی و لێکچوون لەنێوان ئۆپێرای بۆڤا و ئۆپێرای سیریا (Seria) هەبوو کە جۆرێک بوو خەڵکی ئاسایی دەیتوانی ڕۆڵی تیا بگێڕێ، هەروەها بابەتەکانی زیاتر ئاینی بوون و باسی لە خواوەند و کەسایەتیە ئاینیەکان دەکرد، بەڵام ئۆپێرای کۆمیدی زیاتر خاسیەتی چینە باڵاکانی وەرگرت و بە ڕاقیتر دەشوبهاندرا چونکە زیاتر بۆ دڵخۆشکردنی پیاوماقوڵان و دەسەڵات دارەکان و پاشاکان نمایش دەکران. هەرچی جۆری سیریا بوو بۆ چینی مام ناوەند و هەژارەکان بوو زیاتر. هەرچەندە ئۆپێرای بوڤاش دواتر چووە ناو خەڵک و گشت چین و توێژەکان سودیان لێی وەردەگرت و توانرا لەڕێگایەوە دڵیان خۆشبکرێت پێی.

ئامانج لە نمایشکردنی ئۆپێرای بوفا زیاتر دڵخۆشکردنی خەڵک و نمایشکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بوو بۆ کێشەکانیان و دورخستەوەیان بوو لە نەهامەتی و کەیف خۆشکردنیان بوو ئەگەرچی بۆ چەند ساتێکی دیاریکراویش بوبێ.

ئۆپێرای بوفا تا سەدەی ١٩ نۆزدەهەم بەردەوامی هەبوو، بەڵاو ئەم سەنگ و قورساییەی پێشتری نەماو سەبر سەبر کاڵ بووەوە، لەدەست دانی ئەم سەنگ و قورساییەشی لە سەدەی ١٩ هەم بۆ دەرکەوتنی فلم و زۆربوونی بوو واتە زیاتر خەڵکەکە لەڕێگەی فلمەکانەوە چارەسەری کێشەکانیان دەکرد و خەمەکانیان دەڕەواندەوە.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین ئۆپێرای بوفا لەهەردوو جۆرەکەی تری ئۆپێرای فەڕەنسی و ئۆپێرای ئەڵمانی جیاتربوو، بەوەی کە جۆرە ئاڵو گۆڕکردنێکی قسەکردن هەبو بەشێوە ئلقائی دور لەشێوەی گۆرانی ئامێزی و بەبێ هاوکاریکردنی ئامێری موزیکی. کە لە ئەمانیتر ئەم جۆرە تایبەتمەندیە بەدی نەدەکران.

## فولفانج ئەمادیۆس موتسارت

موتسارت لەساڵی ١٧٥٦ لە نەمسا لەدایک بووە، (لیوبۆڵد) کە باوکی موتسارتە کەسێکی ڕۆشنبیر و ژەنیارێکی ئامێری کەمان بووە و پێگەیەکی دیاری هەبووە لە نیوەی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، موتسارت هەرلە تەمەنی (٣) سێساڵیدا میانەکانی دەنگی ئامێری پیانۆی لێک جیا دەکردەوە، بۆیە باوکی بەڵێنیدا کە کار بکات و گرینگی پێ بدات بۆ ئەوەی موزیک زانێکی بەتوانای لێ درووست بکات. هەربۆیە باوکی هەڵسا بە پێدانی وانەی پیانۆ و کەمان وە بابەتەکانی سەرەتای دانانی موزیک (مبادیء التألیف)، هەروەها ڕۆژانە دەبوایە پارچە موزیکێک بنوسێتەوە وەک واجبی ڕۆژانەی.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە باوکی موتسارت هەڵسا بە ڕێکخستنی چەند گەشتێک بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوڕوپا لە ساڵی ١٧٦٢ تا ١٧٧٥. ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە نیشانی گەورە موزیک زانانی بدات کە کوڕەکەی چ موعجیزەیەکی پێیە لەبارەی موزیکەوە لەگەڵ خوشکە گەورەکەی بەناوی (ماریشان)، ئەوەبوو کە جوانترین پێشوازی لێکرا لە لایەن خانەوادە گەورەکانی ڤینا و پاریس و لەندەن و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئیتاڵیا، ئەوەبوو کە موتسارت توانی لەم گەشتەیدا زۆرشت فێربێ لە ڕێگای ئەم نزیک بوونەوەی لە موزیک زانەکانی ئەم وڵاتانە، فێری موزیک و شێواز نوسینەوە بو لە هەریەک لە (یۆهان کریستیان باخ) لە لەندەن، وە (سمارتینی) لە میلانۆ، وە (جلوک و هایدن و کلیمینتی) لە ڤینا.

شایەنی باسە باوکی موتسارت هەر بەمەش نەوەستا و بەردەوام بوو لە پێدانی وانەکانی موزیک، ئەوە بوو لە ناو گەشتەکەیدا کتێبی (فوکس) ی پێدا کە کتێبێکی زۆر بەناو بانگ بوو لە بارەی کۆنترا پۆینت (کونترابنگ)، لێرەدا تا دوا سەفەری بۆ پاریس تەمەنی موتسارت تەنها ببوە (١١) یانزدە ساڵی. موتسارت لەگەڵ ئەوەی داهێنەرێکی باش و موزیک زانێکی لێهاتوو و کەسێکی شایستە بوو لەهەموو بوارەکان بەڵام نەیتوانی کە وەزیفەیەکی باش بەدەست بهێنی نە لای ڕۆشنبیرانی سالزبۆرگ لە نەمسا نەلای ڕۆشنبیرانی ڤینا لە کاتی گەشتەکەیدا، موتسارت لەساڵی ١٩٧١ لە ڤینا لە (٣٥) ساڵی کۆچی دوایی کرد، تەنانەت ئەم پەرتوکەی (القداس الجنائزی)، کەلەبەردەست بوو نەیتوانی تەواوی بکات تا دوواتر قوتابیەکی بەناوی سوسمیار (Sussmeyer)بۆی تەواو کرد.

# دانراوە موزیکیەکانی موتسارت

یەکەم/ سەردەمی منالّی: کە تەمەنی شەش سالّ بووە (١٧٦٢)، چوار سەمای مەنەوێتی داڕێشتووە، وە چوار جولەی خێر (Allegro) و جولّیەکی خاو (Andante)بۆ پیانۆ، هەروەها نۆ (٩) سیمفۆنی، کەیەکەمی لە تەمەنی نۆ سالّی تەواو کردووە، دواتر ئۆپێرایەک کە لەتەمەنی دوانزدە سالّی نوسیویەتیەوە، کە ئەم کارانەشی کاری زۆر جوان بوونە و گشت شێوازەکانی هۆمۆفۆنی و زەخرەفە و هارمۆنیای سەرەکی تیا بەکار هێناون، بۆیە وەک موعجیزەیەک سەیر دەکرێت.

دووەم/ سەردەمی هەرزەکاری: کەتەمەنی سێنزدە سالّ بووە ( ١٧٧٣)، لەم سەردەمەدا زیاتر توانی کاردانەوەی ناخی خۆی لە کارەکانی دەربڕێت، واتە دوور کەوتەوە لە کاریگەری موزیک زانانی پێش خۆی، وە کەسایەتی خۆی لە کارەکانی ڕەنگی ئەدایەوە، هەروەها کارەکانی زۆرترین پۆلی فۆنی تیا بەکار دەهێنا، هەروەها ڕیتمەکانی زۆر چالاک بوون واتە ڕیتمی چالاکی بەکار دەهێنا، هەروەها زیاتر کاری لەسەر کرۆماتیکی کرد لەم ماوەیەدا، لەکارەکانیشی وەک: کۆمەلّێک چوارینەی ژێدار (الرباعات الوتريه)، وە کۆمەلّێک سیمفۆنی کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (٣٢) سیمفۆنی.

سێیەم/ سەردەمی لاوی یان پێگەیشتوو: کەتەمەنی (٢١)بیست و یەک سالّی بوو (١٧٨١)، لەگەلّ ئەوەی ئەم سەردەمە بە خراپ ترین سەردەمی ژیانی موتسارت دادەندرێت، چونکە لەڕووی خێزانەکەیەوە کێشەی زۆریان هەبوە و لەڕووی ئابوریشەوە باری داراییان زۆر خراپ بووە، بەلاّم موتسارت توانی زۆرترین کاری موزیک دانان بکات کە بە سەد (١٠٠) کار مەزەندە دەکرێت، وە دیارترینیان بریتیە لە سیمفۆنیای (هافز) و (لینز) و (براغ) و (جوبیتر)، وە ئۆپێرای (فیجارۆ) و (الناى السحرى)، وە صوناتا و فانتازیای دۆ ماینەر بۆ پیانۆ، وە صۆناتای دۆ مێجەر بۆ پیانۆ، وە

شەش چوارینەی ژێدار، وە کۆنشێرتۆ بۆ پیانۆ، وە قداس (القداس الجنائزی)، لەساڵی ١٧٩١.

واتە لەم (٣٥)سی و پێنج ساڵەی ژیانی توانی ٤١ سیمفۆنی، وە ٢٤ صۆناتا و فانتازیا بۆئامێری پیانۆ ، وە ٢٥ کۆنشێرتۆ بۆ ئامێری پیانۆ، وە ٢٤ چوارینەی ژێدار، وە ٢٢ ئۆپێرا. دابڕێژێت. واتە ١٣٦ کاری موزیکی کردووە لە کوی ماوەی ژیانی .

## شێوازی موزیکی موتسارت

یەکەم/ ئاواز

١-شێوازێکی گۆرانی ئامێزە.
٢-تەوازن و یەکسانی.
٣-شێوازی دیاتونیکی لە سەرەتای کارەکانی وە کرۆماتیکی لە کۆتایدا.

دووەم/ هارمۆنی

١-بەکارهێنانی پەیژەی گەورە و بچووک.
٢-هارمۆنیەکی توند و ڕاست لە دانراوە سیانیەکانی زیاتر لە چواریەکان.
٣-تەنافری بەکارهێناوە وەک نوێ کاریەک لە کارەکانی بەڵام بەشێوازێک کە خزمەتی دانراوەکانی کردووە نەک زیانی پێیان گەیاندبێ.

## سێیەم/داڕشتن (النسيج)

بەکارهێنانی هۆمۆفۆنی لە سەرەتای دەست پێکی، وە پۆلی فۆنی لە کارەکانی کۆتایی.

## چووارەم/ ڕیتم (الإيقاع)

بەشێوەیەکی ڕێکو پێک توانیویەتی ڕیتم و تیمپۆ (السرعە) و پشوەکان (السکتات)، بەکار بهێنێت.



# لۆدفیج ڤان بتهۆڤن

بتهۆڤن لەساڵی ١٧٧٠ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، ئەم سەردەمەی کە بتهۆڤن لێی هاتۆتە دنیاوە بە دەوڵەمەند ترین سەردەمی موزیکی و باشترین موزیک زانانی وەک ( موتسارت) و (هایدن) ناوزەد دەکرێت، بتهۆڤن لەسەردەمێک پێگەیشت کە موزیک لەسەردەستی هایدن و مۆتسارت گەیشتبوە لوتکە، وە بنەماکانی (المبادیء)، کلاسیک بریتی بوون لە (العقلانیە – التوازن – وچوح الهدف –البناء)، لە هەموو بوارەکانی هونەری و ئەدەبی دا.

باوکی بتهۆڤن کە کەسێکی گۆرانی بێژ و مەی خۆر و بێ هۆش بوو هەمیشە، لە کەنیسەی شاری بۆن کاری دەکرد، لە بارێکی ئابوری زۆر خراپ گوزەرانی بەڕێوە دەبرد، هەمیشە لەهەوڵی ئەوە دابوو کە بتهۆڤن هاوشێوەی موتسارت لێبکات و بیگەیەنێتە لوتکە، مەبەستیشی تەنها بواری داراییەکە بوو کە پێچەوانەی باوکی موتسارت تەنها مەبەستی بەرەوپێش چوونی کوڕەکەی بوو وە گرینگی دان بوو بەم بەهرە و توانایەی کە لێی بەدی دەکرا.

لێرەدا ئەمانەوێ ئاماژە بە شتێک بکەین کە ئەگەر بتهۆڤن خاوەنی ئەم توانا موزیکیە و ئەم هەستە موزیکیە نەبوایە کە خۆی ئارەزووی دەکرد، زۆر لەمێژ بوو وازی لەم بوارە دەهێنا، چوونکە باوکی زۆر بە ناشیرنی و بەبێ زەمیری هەوڵی ئەدا بەکەمترین کات باشترین موزیک زانی لێ دەربچێ، واتە بتهۆڤن زۆر ئشکەنجە و ئازاری دەخوارد لەلایەن باوکی بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانی لەسەر ئامێری پیانۆ، ئەمەش نەک بۆ گەیشتنی بە لوتکەی هونەری بەڵکو بۆ گەیشتنی بە پارە لەڕێگای ناوبانگی موزیکیەکەی. ئەوەی بتهۆڤن لەلایەن باوکی و هاوڕێکانی فێردەکرا بەشێوەیەکی زانستی و ڕێک و پێک نەبوو، تا لە ساڵی ١٧٧٦ واتە لەتەمەنی(٦) شەش ساڵیدا یەکەم کۆنسێرتی لەشاری کۆلۆنیا نمایشکرد، ئەوکاتە ئەوەبوو لەلایەن مامۆستایەکی بەتوانا بەناوی کریستیان نیف (Neefe).

لەساڵی ١٧٨١ بتهۆڤن توانی وانەکانی پیانۆ وەک بنەماو زانستی ڕێک و پێک وەربگرێت. وە دواتر لەسەر دەستی هایدن لە ڤینا لەساڵی ١٧٩٢ هەندێ وانەی وەرگرت. ئەوەبوو کە بتهۆڤن توانی وەک هایدن تواناکانی بەهێزبکات و موزیک دابڕێژێت، ئەمەش بۆ ئەم توانایەی کەلەناخی هەبوو دەگەڕێتەوە کە توانی خۆی خۆی پێبگەیەنێ.

یەکەم گەشتی بتهۆڤن لەساڵی ١٧٨٧ بۆ ڤینابوو، بەڵام نەیتوانی زۆر بمێنێتەوە بەهۆی مردنی باوکی و لەئەستۆ گرتنی بەڕێوەبردنی خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا، وە توانی جێگای باوکی وەربگرێت وەک ژەنیاری پیانۆ لە ئۆرکسترای کەنیسەی بۆن. وە دوای ژەنینی کارەکانی هەریەک لە جلوک و موتسارت، بتهۆڤن ناسرا وەک ژەنیارێکی پیانۆی بەتوانا و توانی سەرنجی زۆر لە خێزانە ڕۆشنبیرەکانی ئەم کاتە بۆخۆی ڕاکێشێت. هەرلەڕێگای ئەم خێزانانەشەوە بتهۆڤن وەک خوێنەرێکی سەرسام بە فەیلەسوفەکانی وەک: ئەفلاتۆن و شکسپیر و جۆتە ی لێهات و وتار و فەلسەفەکانیان ڕەنگ دانەوەی لەسەر موزیکەکانی هەبوو.

لەساڵی ١٧٩٢ بتهۆڤن جارێکی تر چووەوە بۆ ڤینا و ئەم جارەش تا دوا ساتەکانی ژیانی لەوێ مایەوە، وە توانی لەماوەی تەنها دوو ساڵدا ببێ بە ناسراوترین کەسایەتی موزیکی لەم شارە، واتە بتهۆڤن توانی شەش ساڵ لە ڤینا زۆر بە خۆشی و بە هادئی ژیان بەسەر بەرێت تا ساڵی ١٧٩٨ئەوکاتەی کە گوێیەکانی لەدەست دا، و نەی توانی هیچ چارەسەرێکی بۆ بکات.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە باشترین ژەنیاری پیانۆ و سەرۆکی ئۆرکسترا بوو، ئەمە وایکرد کە بتهۆڤن لە خەڵک دوور کەوێتەوە و زیاتر بەتەنها کاتەکانی بەسەرببات. بەڵام لای خەڵکەکان وا پێناسە دەکرا کە ئەم بلیمەتە زیاتر خەریکی داهێنانە و سەرقاڵی کارەکانیەتی، هەروەک لە زۆربەی داهێنەرەکانی تر ئەم دیاردەیە ڕەچاو دەکرا.

ئەم نەخۆشیەشی نەزاندرا تا ئەوکاتەی کە بتهۆڤن کۆچی دوایی کرد و لە دوونامەدا نوسیبووی یەکەمیان لە سالی ١٨٠٢ و دووەمیان لە ١٨٠٧ کە بۆ خۆشەویستەکەی نوسی بووی، کە چەند بێتاقەت و ئازاری داوە ئەم نەخۆشیەی.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە بتهۆڤن دوای لەدەست دانی هەستی بیستنی بەتەواوەتی کە نزیکەی سالی ١٨٢٠ بووە پێنج صوناتای بۆ پیانۆ و سیمفۆنیای نۆیەمی داناوە کە لەساڵی ١٨٢٤ تەواو بووە، هەروەها چوار چوارینەی ژێداری داناوە. وە لەساڵی ١٨٢٧ ماڵئاوایی دەکات.

## دانراوە موزیکیەکانی بتهۆڤن

دانراوەکانی بتهۆڤن بەسەر سێ بەش دابەش دەبێ وەک:

یەکەم/ لە ساڵی ١٧٩٥ تا ١٨٠٢ دەگرێتەوە

لەم سەردەمەیدا بتهۆڤن کارەکانی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هایدن و مۆتسارتی پێوە بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە داڕیشتنی (نسیج) ی موزیکەکانی.

دووەم/ لە ساڵی ١٨٠٣ تا ١٨١٦ دەگرێتەوە

لەم ماوەدا کارەکانی گۆرانکاری یەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی کە دڕاما چووە ناخی کارەکانی واتە زیاتر بەشێوەی دڕامی کاری موزیکی دەکرد، هەروەها لە بەشی هەڵچوونی کارەکانی زۆر ورد دەبووەوە و زیاترین بۆچوونەکانی خۆی لەناو بەشەکەدا دەبینیەوە. هەروەها سەبارەت بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەر تیمپۆی کارەکانی داهات و دەستەواژەی نوێشی بۆ دەربڕینی (التعبیر)

دینامیکی (Dynamics) دانا و  زیاتر بەکار هێنان لەکارەکانی ئەم ماوەیەیدا.

سێیەم/  لە ساڵی ١٨١٧ تا ١٨٢٦ دەگرێتەوە

لەم فەترە زەمەنیەدا کارەکانی بەتەواوەتی چووە ناخی موزیک و قوڵایی پێشکەوتنەکانی و نەیتوانی هیچیتر کار لەسەر یەکسانی (بتوازن البناء الداخلی) دارێشتنی ناوەوەی موزیک بکات، بەڵکوو زیاتر پشتی بە هێلی دڕژەوە بەست لە موزیکی کلاسیکیدا، وە بۆی دەرکەوت کە دارێشتنی موزیک هۆکارێکە بۆ دەربڕینی (تعبیر) مرۆڤ ، بۆیە پێی وابوو کە نابێ هیچیتر پابەند بێ بە سنوری دارێشتنی تەنگ (حدود بنائیە چیقە).

لەکۆتایدا دەتوانین ئاماژە بەکارە موزیکیەکانی بتهۆڤن لەماوەی (٥٧) ساڵی تەمەنی ژیانی بدەین: نۆ (٩) سیمفۆنی، وە سی و دوو (٣٢) سۆناتا بۆ پیانۆ، وە پێنج (٥) کۆنشێرتۆ بۆ پیانۆ، وە شانزە (١٦) چوارینەی ژێدار، هەروەها دە(١٠) سۆناتا بۆ کەمان، یەک (١) کۆنشرتۆ بۆ کەمان، دوو (٢) افتتاحیە، چەند گۆرانیەک و پارچەیەکی بچوکی پیانۆ و قداسێک.

## شێوازی موزیکی بتهۆڤن

یەکەم/ ئاواز

١-سەرەتا و کۆتاییەکی ڕوون و ئاشکرا.
٢-شێوازی دیاتونیکی بەکار هێناوە.
٣-یەکسانی لە دابەشکردنی بەشی ناوەوەی بۆ دەستە واژەکان. واتە جەختی لە یەکەی ئاوازی کەم و پوخت کردۆتەوە.

دووەم/ هارمۆنی


سیستمی تۆنالی تەواوی بەکار هێناوە لە پەیژەکانی مێجر و ماینەر، بەتایبەتیش ماینەری هارمۆنی. وە کەمتر دەنگی تەنافری بەکار هێناوە لە داندراوەکانی.

سێیەم/داڕشتن (النسيج)

گرینگی داوە بە دڕیشتنی چەند دەنگێک (متعدد الْصوات) کە هاوشێوەی پۆلی فۆنی (البوليفونی)یە، بەتایبەتی لە دووا کارەکانی.

چووارەم/ ڕیتم (الإيقاع)

ڕیتم لە کارەکانی بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک بەکار هاتووە، هەروەها سینکۆبی زۆر بەکار هێناوە و گرینگی پێداوە، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر تەئکید کردنەوە لە بۆچوونە درامیەکان بەتایبەتی لە سیمفۆنیە قارەمانیەکانی (السيمفونيه البگوليه)، هەروەها زیاتر لە ڕیتمێکی بەکارهێناوە لەناو یەک پارچە موزیکدا.



# چاخ و سەردەمی ڕۆمانتیک ( ١٨٠٠-١٩٠٠)

موزیک لەسەردەمی کلاسیک بەهۆی یەکسانی و هاوسەنگی لە ناوەڕۆک و جوڵەکانی دەناسرا. هەر ئەم هاوسەنگیە و یەکسانیەش جۆرێک لە جۆرەکانی سانسۆر و سنورداکردنی سەپاندبوو بەسەر موزیک دانەرەکانەوە، هەربۆیە موزیک زانەکان نەیان دەتوانی بە ئارەزووی خۆیان و بە ئازادیەکی ڕەها دەربڕین لە هەست و نەست و پێویستیەکانی سەردەم بکەن. هەربۆیە لەداهاتودا موزیک زانان کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە ئەم قیود و سنورانە بشکێنن و بە پێی پێویستی میللەت و داخوازیەکانی سەردەم جێ بەجێ بکرێت. کە ئەمە بەشێک بوو لە داخوازیەکان و پێویستسەکانی خەڵکەکەش، کە جۆرێک لە بێزاری و مەلەلی و دووبارە بوونەوەی تیا بەدی دەکرا.

بۆیە لەسەرەتای سەدەی ١٩ هەمەوە، دانەرە موزیکیەکان کەوتنە پەیڕەوکردنی ئەم داواکاریانەی کە سەردەم و میللەت، هەروەها خۆشیان دەیانویست لەم سنورداریە دەرچن، وە بچن بەرەو ڕووی شێوازی تازە. بۆیە دەبینین لەم سەردەمەدا موزیک زانان توانیان لە دانراوەکانیان چەندین جۆری جیاواز و چالاک موزیک بەرهەم بهێنن کە دواتر بوە دەست پێکێک بۆ سەرهەڵدان و سەرەتای چاخی ڕۆمانتیکی.

ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە ئەوەیە هەرلە کۆتاییەکانی سەردەمی کلاسیکی دا هونەرمەندان کەوتنە ئەم هەوڵە، بۆ نمونە بتهۆڤن یەکێک بو لەو هونەرمەندانەی کە بەردەوام لەهەوڵی شکاندی ئەم ڕێسا و یاسایانە بوو کە سەردەمە یەک لە دوای یەکەکان دەیان سەپاند بەسەر هونەر مەندانەوە، وە توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و زۆرێک لەم بۆچوون و بیرۆکانەی جێ بەجێ کرد کە خۆی پێی وابوو کە پێشکەوتن و داهێنانی تیایە.

بۆیە بتهۆڤن وەک یەکێک لەم هونەر مەندانە هەژمار دەکرێت کە توانی سەردەمی کلاسیکی بگۆڕێت بۆ سەردەمی ڕۆمانتیکی بە کارەکانی.

واتە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٨وە تا سەرەتای سەدەی ١٩هەم، زۆر گۆڕانکاری هەست پێکراو ڕویدا، لەوانەش ئەو بەهێزیەی کە کەنیسەکان هەیان بوو لە سەردەمانی زودا لەسەر موزیک و موزیک دانەرەکان، کە دەبوو هەموو شتێک لە خزموت کەنیسە و پیاوانی ئاینی و باڵا دەستەکاندا بێت ئەوە بەتەواوەتی نەماو کاڵ بۆوە. وە موزیکی ئازاد و سەربەست لە جۆر و شێواز و ناوەڕۆک دا لە سەرتاسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و ئەوڕوپا بڵاو بووە وە و سەری هەڵدا.

ئەم سەربەستیەش نەک تەنیا لە بواری موزیکی بەڵکو گشت بوارەکان و هونەرەکانی گرتەوە. بۆنمونە: هونەری بیناسازی و دروستکردنی کۆشک و تەلارەکان لە سەردەمانی پێشوتر، بەئارەزوی موهەندیسەکان نەبوون و دەبوو بەتەواوەتی پابەندی بڕیار و خواستەکانی کەنیسە و پیاوانی ئاینی و باڵادەستەکانی ئەم سەردەمانە بوونایە. بەڵام لە سەردەمی ڕۆمانتیکی ئەمانە ئازاد بوون لە چۆنیەتی دروستکردنی کۆشک و بینایەکان و چەندین جۆر شێواز و شێوەی ئەندازەییان بەکار دەهێنا کە لەگەڵ پێویستیەکانی سەردەم و ئارەزوی خەڵکەکە دەگونجان.

هەروەها سەبارەت بە وێنە کێش و پەیکەر تاشەکانیش هەمان ئازادی ڕەهایان بۆ دەستەبەر بوو لە ئەنجامدانی کارەکانیان، کە زیاتر مورکی واقعی پێوە دیار بوو.

خاڵێکی تری ئەم پێشکەوتن و نوێ کاریانە ئەوەبوو کە موزیک لەسەردەمەکانی زوتردا بەتەواوەتی لە خزمەتی کەنیسەو ئاین و باڵادەستانی بوو. وە هەرکارێکی موزیکی کە دروست دەکرا دەبوو بۆ ئەم مەبەستانە بونایە بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا ١٩٠٠ تەوە، موزیک بەتەواوەتی لە خزموتکردنی ئەمانە هاتە دەرەوە و کەوتە خزمەتکردنی خودی موزیکەکە و میللەت و پێشهاتە نوێ کانی سەردەم. واتە هونەر بۆ خزمەتکردنی هوونەر هاتە پێش بەرژەوەندیە کانی تر.

## بیرو بۆچوونی قەومی لە ڕۆمانتیک

لەسەردەمی ڕۆمانتیکدا بیرۆکە یاخود فکرەی قومی کە بیرۆکەیەکی نوێ بوو هاتە کایەوە و سەری هەڵدا، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە تارادەیەک خراپ بوو لەگەڵ ئەوەی کە لایەنی باشەشی هەبوو، بەڵام وای کرد کە هونەر و هونەر مەندان بەشێوازێکی تەصکتر لە سەردەمانی پێشووتر بیر بکەنەوە و زیاتر لە ڕوانگەی قەومی کارەکانیان دادەهێنا.

ئەوەش بۆ ئەوە گەڕایەوە کە هەر موزیک زانێک و دانەرێک زیاتر خزمەتی ئەو ناوچانەی دەکرد کە بە هی خۆی و ژیانی تیا بەسەر دەبرد، نەک هونەرەکەی بگەڕێنێ بە هەموو جیهان و هونەری گشتی و بیرۆکەی وڵاتان و ناوچەکانی تر بکاتە موزیک و گۆارنی و ئۆپێرا.

بەپێچەوانەوە گەر سەیری هونەرمەندانی پێشتر بکەین دەبینین بەلایانەوە گرینگ نەبووە کە لە کوێ و چۆن و بۆ کێ داهێنانی موزیکی دەکەن و بەهەموو ناوچەکاندا دەگەڕان و هونەرمەندی گەل و جیهان بوون. بۆ نمونە: ئەگەر سەیری بتهۆڤن بکەین دەبینین لە سەردەمی خۆیدا هیچ سنورێکی جوگرافی دیاریکراوی بۆ دانەندراوە و لەسەر هیچ ناوچەیەک حساب نەکراوە،

هەر بۆیەش موزیکەکانی بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبوونە وە و کاریان لەسەر دەکرا. چونکە خۆشی ژیانی لە چەند ناوچەیەکی جیاوازدا بردۆتە سەر و خزمەتی هونەر و موزیکی چەند ناوچەیەکیشی کردووە.

بۆیە قەت نەیان دەوت کە بتهۆڤن فلیمنکی بووە لەبەر ئەوەی باوکی لەوێ ژیاوە. یا بڵێن لە بۆن بوە چونکە دایکی هی ئەوێ بوە، کە شارێکە لە ئەڵمانیا. چونکە بتهۆڤن هەموو ئەم ناوچانەی کردووە و زیاتریش خزمەتی موزیکی ڤینای کردووە و لەوێ ماوەتەوە. ئەمەش بۆئەوە بووە کە ڤینا وەک ناوچەیەک یا ناوەندێکی هونەری ناسراو بووە و تا ئێستاش ئەم تایبەتمەندییەی لەدەست نەداوە.

# موزیک و ووشە

لەسەردەمی ڕۆمانتیکی یا سەدەی ١٩ پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان هوونەری موزیک و هوونەری ووشە (الموسیقی والکلمە) دروست بوو، واتە دەتوانین بڵێین کە لەسەردەمانی پێشوتر زیاتر کاری موزیکی تەواو دەکرا، واتە کار لەسەر فۆڕم و قاڵبە موزیکیەکان دەکران، بەڵام لەم سەردەمەدا موزیک توانی لەگەڵ شعر و ئەدەب یەک بگرێت و پەیوەندی پتەو دروست بکەن، هەر بۆیە پێویست بوو لەسەر هەر شاعرێک و ئەدیبێک کە کاری نوسینی بکردبایی کە فێری هونەربێ و لە موزیک و یاساکانی بزانێ تا بتوانێ کارە ئەدەبیەکەی یا شعرەکەی بگونجێنێ لەگەڵ موزیکەکەدا، چوونکە لە کۆتایدا بە موزیک و شعرەکە یا دەقە ئەدەبیەکە دەبوون بە کارێکی هونەری تەواو و دەبوو بە هەردوکیان واتایەکی جوان و ڕێک و پێک ببەخن بەمەرجێک کە هیچ یەکێکیان کاریگەری نەبێ لە بێهێزی و تێکدانی ئەوەی تردا.

شایەنی باسە دروستبوونی ئەم پەیوەندیەش لەوەوەهات کە شاعران و ئەدیبەکان پێیان وابوو کەچۆن موزیک زانەکان بە موزیکەکەیان هەست و ناخ و سۆزی میللەت دەهەژێنن و کاریگەریان دەکەنەسەر، دەبێ ئەوهاش شعرەکان و دەقەکانی ئەوانیش ئەم کاریگەریەی هەبێت لەسەر مرۆڤەکان. ئەمەش زیاتر لەو پەیوەندیە دەبوو کە بەهاوکاری موزیک ئەم کارە بکەن وە پێشیان وابوو کە ئەگەر موزیک بەتەنها جارێک ناخی مرۆڤەکان بچەژێنێ ئەوا لەگەڵ ووشە دووجار ناخیان دەجوڵێنێت و ئاسان بونیش لە تێگەیشتن زیاتر دەکات، چوونکە موزیک کاریگەری نا ڕاستەو خۆی دەبێ لەسەر تاکەکان و بە ووشەوە ئەم کاریگەریە زیاتر ڕاستەو خۆتر دەبێ.

هەر بۆیەش شاعیرەکان و ئەدیبەکان کەوتنە هەوڵی ئەوەی دەبێ نوسینەکانی ئەوانیش زیاتر بگونجێ لەگەڵ داواکاریی و نوێ کاریەکانی سەردەم لە ڕووی شکل و ناوەڕۆک، وە دەبێ دەقەکانیان زیاتر قەومی و واقعی بن و پێویستی تاکەکان پڕبکەنەوە.

## لایەنی کۆمەڵایەتی هونەرمەندانی ڕۆمانتیکی

لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی خێزان و بنەماڵەی موزیک زانان و داهێنەرەکانی بواری هونەری یەکێک بۆ لە بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەر موزیکی چاخی ڕۆمانتیک داهات بۆنمونە:

ئەگەر سەیری هونەرمەندانی کلاسیک و پێشتریش بکەین، جیا لە سەردەمی ڕۆمانتیک، دەبینین کە زۆربەی ئەم هونەرمەندانە و موزیک دانەرانەی ئەم سەردەمانە لە خانەوادە و بنەماڵەی دوور لە بواری هونەری بەگشتی و موزیک بەتایبەتی بوونە و زیاتر لە خانەوادە هەژار و کەم دەرامەت و فەرمانبەرەکان بوونە، بۆ نمونە: ئەگەر سیری خانەوادەی هایدن بکەین دەبینین کە باوکی هایدن هیچ پەیوەندیەکی بە موزیک و بواری هونەری نەبووە بەڵکو کابرایەکی پزیشکی نەشتەرگەر بووە. یا خانەوادەی جلوک دەبینین باوکی فەرمانبەری دارستان بووە، مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە بڵێین ئەم هونەرمەندانە لەگەڵ ئەوەی کە سەرەتای هونەر لە ناو خێزانەکانیان لەڕێگای ئەوانەوە بووە کەسی پێش خۆیان نەبووە کە لەحەزەکانی خۆی زیاتریان فیر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەوانە لە بنەماڵە و خانەوادەی موزیکی لەدایک بوونە.

بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە لە سەدەی ١٨هەمەوە بەدواوە زیاتر ئەم هونەرمەندانەی هاتنە ناو بوارەکانەوە یا لە خانەوادەی هونەری و یا لە بنەماڵەی موزیک زانان بوونە و باوکیان یا باپیرەیان یا کەسێکی نزیکی ناو خانەوادەکەیان موزیک زان و هونەرمەند بوونە، بۆ نمونە: بتهۆڤن کە لە بنەماڵەیەکی موزیک زان بووە و باوکی موزیک زان بووە. هەروەها مۆتسارت

کە خاوەنی باوکێکی موزیکی و خانەوادەیەکی موزیکی بووە و باوکی جێگری سەرۆکی ئۆرکسترا بووە. یاخود هونەرمەند شۆبرت کەباوکی مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڤێنا بووە بۆ فێرکردنی موزیک. وە ڤێبەر کە خاوەنی باوکێک بووە هەموو تەمەنی خۆی لەسەر تەختی شانۆی ئۆپێرا و ئاهەنگی موزیکی بەسەر بردووە.

ئەمانە هەمووی بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم باوکانە و ئەم بنەماڵانە ئەوەی بۆخۆیان حەزیان لێ بووە و ویستویانە بیکەن بەڵام سەردەم ڕێگر بووە بەرامبەریان و نەیان توانیوە بیکەن بەهەر هۆیەک لە هۆیەکان، ئەوا هانی مناڵەکانیان داون کە نوێ گەری و داهێنانەکان ئەنجام بدەن.

هەموو ئەم گۆڕانکاریی و نوێ خوازیانەی هاتە دی لەم سەردەمەدا بونە هۆی ئەوەی کە سەدەی ١٩ م زۆر جیاوازبێ لە سەردەمەکانی پێشوو تر، بەتایبەتی گۆڕینی وەزیفە و کاری موزیکی لە شێوازی ئیشوو کاری ڕۆژانە، بۆ پێویستیەکی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، واتە: موزیک پێشتر وەک کارێکی ڕۆژانە بەمەبەستی خۆ گونجاندن و ژیاندنی موزیک زانان بەکار هاتبووە وە سەیردەکرا هەروەها وەک هاوکاریەک بۆ بڵاو بونەوە و گەشەکردنی ئاین ئەبیندرا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا واتە لە ڕۆمانتیکدا موزیک جیا لەمانەی سەرەوە وەک پێویستیەک و زەڕوڕەتێکی ڕۆژانەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی سەیر دەکرا تا وای لێهات توانیان لەبەر گرینگی هونەر بەگشتی و موزیک بەتایبەتی خۆی بگونجێنێت و ببێ بە بەشێک لەناو هەموو بوارەکانی پەروەردە و وەرزش و ڕۆشنبیری و فیریا و پزیشکی ..تادوایی.

# گۆرانی لە سەردەمی ڕۆمانتیکی دا

بواری گۆرانی هەرلە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی موزیک و مرۆڤدا بونی هەبووە و پێویستیەک بووە بۆ دەربڕینی مرۆڤ لە هەست و نەست و خۆشی و ناخۆشیەکانی، بەڵام هەر سەردەمێک ئەم بوارە بە جۆرێک و شێوازێک و مەبەستێک بەکار هاتووە لەلایەن مرۆڤەکانەوە، بەڵام لەسەردەمی ڕۆمانتیکدا ئەم شێوازە بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرا کە جیاواز بو لە مامەڵەکردنی لە سەردەمەکانی تر، وەک: لەسەردەمی ڕۆمانتیک دا هونەری گۆرانی بەگشتی و گۆرانی میللی بەتایبەتی بە شێوازی عەقلانی و بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ کراوە نەک بە شێوازی عاتفی و سۆزەوە.

ئەم گۆڕانەش زیاتر بۆ گۆڕانکاری لە پێشکەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری و هزری میللەت خۆی بوو. چونکە مرۆڤی ئەم سەردەمە پێویستی بە مادە و بابەتی زیاتر عەقلانی و بابەتی هەبوو کە بتوانێ خزمەت بە گۆڕانکاریەکان و ڕەوشی ناوچەکان بکات نەک مانەوە و پاراستن بەتەنیا. هەر ئەم واقع بینیەش بوو وای کرد کە بواری موزیک بخێشە ناو هەموو لایەن و بوارەکانی تری کە لە سەرەوە باسمان کردن.

## فۆڕمە سەربەستەکان (Free Form)

مەبەست لە فۆڕم و قاڵبە ئازادەکان ئەوەیە کە موزیک دانەرەکان بەئازادی و سەربەخۆیی یەکی تەواو هەڵ دەستن بە داڕشتن یا نوسینەوەی موزیکێکی سەربەست، کەتیایدا بۆچوون و خەیاڵ و تێڕوانین و ئەندێشەکانی خۆیان بە ئازادانە دەخەنەڕوو.
واتە دەتوانین بڵێین کە ئەم نوسینەوە یا داڕێشتنە موزیکیەی کە موزیک زانان کاری لەسەر دەکەن خاوەنی دوو تایبەت مەندی جیاوازن. وەک:

یەکەم/ ئەم جۆرە دانراوانە پەیوەست ناکرێن و هەژمار ناکرێن لەسەر هیچ فۆرم و قاڵبێکی موزیکی سەدەکانی پێشووتر . واتە بۆتەیەکی سەربەستن لەڕووی ناوەڕۆک و ناو و مۆتیڤ و جوڵەکان.. تادوایی.

دووەم/ لە جۆرو شێوازی داڕیشتنەکە یا نوسینەوەکەدا هیچ نۆتەیەکی دیاریکراو و جێگیر نابیستین کە بەردەوام بێ. واتە بەفۆڕمێکی زۆر دەوڵەمەند تر هەژمار دەکرێت لەچاو فۆڕمەکانی سەدەکانی پێشوو تر.

شایەنی باسە بۆتە و قاڵب و فۆڕمە سەربەستەکان سەرەتای سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم ١٩٠٠و چاخی ڕۆمانتیکی.ئەم فۆڕمە فۆڕمێکە تایبەت بە موزیکی ئامێری، نەک دەنگی. وە ئەم قاڵبە موزیکیانەش زیاتر بۆ ئامێرە تەنیا (منفرد) کان، نوسراونەتەوە ، بەتایبەتیش بۆ ئامێری پیانۆ.

سەرەڕای ئەمەش هەندێک جار هەبووە کە شێوازی دارشتنەکەیان فراوانتر کردووە و زیاتر لە ئامێرێکی موزیکی تواندراوە ڕۆڵی تیا بگێرێت و کارێکی کۆمەڵی جوانی لێ دروست کراوە. بەڵام کاتێک ئەم قاڵبە موزیکیانە، مەبەستمان (فۆڕمە ئازادەکانە)، بۆ زیاتر لە ئامێرێک نوسراونەتەوە و داڕێژراوون ناچار کرانە بەوەی کە بتوانن خۆیان لەگەڵ قاڵب و فۆڕمێکی موزیکی جێگیر بگونجێنن و بەشێوازێک لە شێوازەکان سەربەخۆییە تەواوەکەیان لە دەست دەدەن.

# سیمفۆنیای هۆنراوەیی (Symphonice Poem)

دەکرێت سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (هۆنراوەی سیمفۆنیایی)، بۆ کۆتاییەکانی چاخی کلاسیک و سەرەتاکانی چاخی ڕۆمانتیک بگەڕێنینەوە. ئەم داهێنانەش لەم چاخەدا وەک سەرەتایەک بوو بۆ نمایشکردن یا پێشکەشکردنی موزیک و فۆڕم و قاڵبە موزیکیەکان لە بەرگێکی نوێدا. واتە دەربرین بەهۆی موزیک و دانراوە موزیکیەکان بوو بە جۆرێک کە لە ڕێگایی موزیکەوە گوزارشت لەسەرجەم بابەتە زیندووەکانی ژیان و خەلک بکرێت.

ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەر پێشکەوتنێک و داهێنانێکی لەم چەشنە ئەرک و ماندوو بوون و شەو نخونی زیاتری پێویستە و کاری موزیک زانانیش گرانتر دەکات. هەر بۆیە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەرک و وەزیفەی موزیکی لەلایەن موزیک زانەکان درووست بوو سەبارەت بە هونەری موزیک. ئەم خوێندنەوە و قورسایی یانەش زۆر بەڕوونی لە شاکارە موزیکیەکانی سەردەمی ڕۆمانتیکی دەبیندرێت و هەستی پێ دەکردرێت.

سیمفۆنی هۆنراوەیی یا(قصیدە)یی، زۆر جیاوازە لە فۆڕم و شێوازی سیمفۆنی، سەردەمەکانی یەک لەدوای یەک. واتە ئەم شێوازەیان پابەندە بە بابەتێکی گێڕانەوەی ئەفسانەیەک یا چیرۆکێک یا داستانێکی کۆن، یانیش لەبڕی گێڕانەوەکەدا جاری واهەیە نمایشی ئەم خاڵە یا بابەتە دەکات.

شایانی باسە ئەم فۆڕمە موزیکیە پێشکەوتنێکی زۆر بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و زۆرێک لە هونەرمەندان پاڵپشتی و کاری گرینگیان بەئەنجامدا وەک پاڵپشتیەک و دافعێک بۆ بڵاو بوونەوەی فۆڕمەکە لە چاخ و سەردەمەکانی دواتریش، لەوانە:
(مۆتزارت، بتهۆڤن، شۆبەرت، بریلیۆز، فرانز لیست، شتراوس.. تادوایی). بەڵام ئەوەی کە بۆ یەکەم جار توانی داهێنان لەم فۆڕمە موزیکیە بکات هونەرمەندی موزیک زان (فرانز لیست) بوو.

لە شێوازی ئەم فۆڕمەدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە فۆڕمەکە لە یەک جوڵە یان بەشی موزیکی پێک دێت و بابەتەکانی تیا نمایش دەکرێت.

## فرانز شۆبرت (Franz Schubert)

### کورتەیەک لە ژیانی شۆبرت

شۆبرت لە سالی ١٧٩٧ لە دەوروو بەری شاری ڤێنا لەدایک بووە و لە سالی    ١٨٢٨ کۆچی دوایی کردووە، واتە تەنها سی و یەک ساڵ ژیاوە. شایەنی باسە شۆبرت لە خێزانێکی موزیک زان بووە و لەسەر دەستی باوکی و برا گەورەکەی فێری هونەری موزیک کراوە و هەردوو ئامێرەکانی ڤیۆلا و پیانۆی لە ڤینا خوێندوە.

شۆبرت باشترین ئەندام بووە لە تیپی کۆراڵی کەنیسەی مەلەکی ڤینا. بەڵام دوایی ئەوەی کە بەرەو تەمەنی هەرزەکاری دەچێت (سن البلوغ) گۆڕانکاری بەسەر دەنگی دادێت، بۆیە ناتوانێت لە تیپی کۆڕاڵی مەلەکی بمێنێتەوە. ئەوەبوو هەڵسا بە ئەنجام دانی کاری رۆژانە لەگەڵ باوکی و دوورکەوتەوە لە بواری موزیک و خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیان بوو تا سالی ١٨١٧ ، ئەوەبوو ویستی بە هۆی موزیک بژێوی خۆی پەیدابکات، بەڵام دیسانەکە نەی توانی. بەهۆی هونەرەکەیەوە لە شوێنیک دامەزرێت هەروەک بتهۆڤن و موتسارت.

شۆنبرت هەموو ژیانی خۆی لە ڤێنا بردەسەر تەنها چەند گەشتێکی کورت نەبێ بۆ دەرەوەی ڤێنا لە تەمەنی ئەنجامی دابوو. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٢٨ لە ڤینا کۆچی دوایی کرد، چەند بەرهەمێ:ی کەمی موزیکی لەدوای خۆی بە جێهێشت کە زۆربەیان دەست نوس بوون و وەک مسوەدەیەک کەوتنە بەردەستی موزیک زانان.

شۆبرت لەگەڵ ئەوەی کە زۆر هیوایەتی بوو ببێ بە نمونەی موزیک نوسەکانی ئۆپێرایی و بەبەردەوامیش لە هەوڵی ئەوە دابوو بەڵام نەیتوانی کارێکی ئۆپێرایی باشیش بنوسێت و لە گشت هەوڵەکانی لەم بوارە هەرەسی هێنا. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە بڵین شۆبرت کەسێکی باش نەبووبێ بەڵکو زۆر لە کارەکانی تاکو ئێستاش ناوبانگیان هەیە و جێگای شانازین و کاریان لەسەر دەکرێت. هۆی ئەم سەرنەکەوتنەشی لە بواری دراما بۆ کەمی شارەزایی لە بوارەکە و شەرموو ترسەکەی دەگەڕایەوە کە دەتوانین بڵێین کەسێکی زۆر شەرمن و لەسەرخۆ بووە و هەمیشە جۆرە ترسێک و دڵە ڕاوکێیەکی لە دڵ بووە.



# گرینگترین داهێنانە موزیکیەکانی شۆبرت

لەگەڵ ئەوەی ئەم هونەرمەندە تەنها ماوەی سی و یەک ساڵ ژیا بەڵام لە زۆر لایەنەوە داهێنان و نوێکاری گەورەی بەرپاکرد، وەک:

١- دۆزینەوە و داهێنانی شێوازێکی نوێ لە بواری گۆرانی ئەڵمانی بەناوی (لید).
٢ ـ داهێنانی پارچە موزیکی پیانویی شاعیری کورت، واتە پارچەکە تەنها لەیەک جوڵە پێک هاتبوو. کە گرینگیەکی زۆری پێ دەدرا لە موزیکی ئامێری لەسەردەمی ڕۆمانتیکی (١٩٠٠).
٣ ـ یەکێکی تر لە داهێنانەکانی شۆبرت بریتی بوون لە جێ بەجێ کردنی کاری تەنهایی (عمل منفرد)، لەقالبی سیمفۆنی، بە شێوازی دوو جوڵەیی، کەناسرابوو بە سیمفۆنیای ناتەواو (سیمفونیه الناقصه)، کە لە ڕاستیدا ناتەواو نەبوو بەڵکو گشت جولەکانی لەناو ئەم دوو جوڵەیە تەواو دەکران و موزیکێکی تەواو واتا بەخش پێشکەش دەکرا.

# ڕۆبرت شومان (Schuman)

## کورتەیەک لە ژیانی شومان

ڕۆبرت شومان لە سالی ١٨١٠ لە ناوچەی ساکسۆنیای ئەڵمانیا لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و هونەر دۆست هاتۆتە دونیاوە، باوکی نوسەر بووە و دوکانی کتێب فرۆشتنی هەبووە، شومان لە ژیانیدا زۆر سەرسام بووە بە شاعیرانی وەک (جوتە، شیللر، بایرۆن، هانس، جان باول ریشتر)، کە دەتوانین بڵێین ریشتر زۆرترین کاری گەری هەبووە بەسەر شومان و زۆربەی دانراوە موزیکی و گۆرانیەکانی لەسەر شعرەکانی ریشتر داناوە.

شومان لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی کردووە بە فیربوونی ئامیری پیانۆ وەک ڕۆشنبیریەکی گشتی هەروەها لەتەمەنی هەژدە ساڵی دەستی کردووە بە خوێندنی یاسا، بەڵام لەدوای تەواوکردنی دوو ساڵی کۆلێژی یاسا دودڵ بووە لەوەی کە درێژە بە خوێندنەکەی بدات لە بواری یاسا یان خوێندنی موزیک تەواو بکات. تا لەسالی ١٨٣٠ بەتەواوەتی خۆی یەکلا کردەوە و دەستی کردبە خوێندنی موزیک.

ئەوەبوو بە ماوەیەکی زۆر کەم لە خوێندنەکەی بۆ بە باشترین ژەنیاری موزیکی پیانۆ (ڤرتیۆز)، شومان توانی ئامێرێک دروست بکات بۆ بەهێزکردنی پەنجەی چوارەمی دستی چەپ. بەڵام دواتر بەهۆی شکستی دەستەکەیەوە نەیتوانی بەردەوام بێ لە ژەنین لەسەر ئامێری پیانۆ، بۆیە لەساڵی ١٨٣٢ دەستیکردبە نوسینەوەی موزیک (تەئلیف).

شومان توانی پەرە بەنوسینەکانی موزیکی بدات بە هاوکاری کۆمەڵێک لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و موزیک زانی هاورێی کە بەناوبانگ ترین چینە ڕۆشنبیرەکانی رۆمانتیکی بوون بۆنمونە موزیک زانی بەناوبانگ شوبرت، ئەم ئەدیب و ڕۆشنبیر و موزیک زانانەش لەگەڵ شومان بەبەردەوامی باس و شرۆڤە و لایەنە چاکەکان

و خراپەکانی موزیک و ئەدەبیان دەکرد و زۆر ڕەخنەی توندیان اە بەرهەمە کرچ و کاڵەکان دەگرت.

شومان لەسالی ١٨٤٠ لەگەڵ خۆشە ویستەکەی هاوسەرگیری پێک هێنا کە یەکێک بوو لە باشترین ژەنیارەکانی پیانۆی ئەم سەردەمە بەناوی (کلارا فیک)، ئەمە دوای ئەوەی کە چوار ساڵ کەوتە مل ملانێ لەگەڵ باوکی کلارا کەمامۆستای شومان بوو لە ئامێری پیانۆ (فیک) بەڵام دواتر شومان توانی لەڕێگای دادگاوە یاسایەک بەدەست بهێنێت کە دەڵێت کلارا دەتوانێت شوو بە شومان بکات کە تەمەنی گەیشتە ٢١ ساڵ. ئەوە بوو شومان ئەوکاتە تەمەنی ٣١ ساڵ دەبێ کە زەواج دەکەن. دوای بەدی هاتنی ئەم ئاواتەی شومان لەساڵی ١٨٤٠ شومان توانی زۆرترین دانراوەی گۆرانی موزیکی لەم ساڵەدا بەدەست بهێنێ لەگەڵ چەندین پارچە موزیکی پیانۆ و سیمفۆنی و موزیکی ماڵان (حجرە) کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠ دانراوە زیاتر دەبوو . بەڵام دوای سەفەرکردنی کلارا بۆ روسیا لەساڵی ١٨٤٤ شومان توشی شۆک هاتوو دەست بەرداری هەموو شتێکی هونەری و ئەدەبی بوو. تا لەساڵی ١٨٥٤ بەتەواوەتی عەقڵی لەدەست دەدات و چەند محاوەلەیەکی خۆکوشتن دەدات بۆ ناو ڕووباری ڕاین، دوای رزگار بوونی لە مردن دەکەوێتە شێت خانە تا ساڵی ١٨٥٦ کۆچی دوایی دەکات



# گرینگترین داهێنانە موزیکیەکانی شومان

شومان لەماوەی ٤٦ ساڵی تەمەنی توانی زۆر داهێنان پێشکەش بکات لەوانە:

١- کارە موزیکیەکانی شومان هەمووی ئامانج و ناوەڕۆکێکی شاعیری (ڕۆمانسی) تیا بەکار هاتبوو. چونکە خۆی دەیگوت دەبێ هەموو کارێکی موزیکی جەوهر و مەبەستی ڕنگ دانەوەی شتێکی (ڕۆمانسی) بێت. بەواتای ئەوەی نابێ هونەرمەند پەنا ببات بۆ لایەنی خەیاڵی، لە کارەکانی بەڵکو دەبێت کارەکان زیاتر واقعی بن.
٢- کارەکانی شومان ڕەنگ دانەوەی سۆز (عاتفی) زۆر بەهێزی پێوە دیارە.
٣- دانراوەکانی بۆ ئامێری پیانۆ بەبێ هاوکاری (مساحبە)ی هیچ ئامێرێک بوون، کە ئەمەش دوورکەوتنەوەیەکی تەواوە لە موزیک و شێوازی کلاسیکی. واتە شێوازی نوسینەوەکانی زیاتر لە شێوازی سۆناتە بوو.
٤- شومان توانی شێوازێکی تایبەتی موزیک دابڕێژێت، کەلەچەند کۆمەڵە ئاوازێکی هاوتا و نزیک لەیەکتر و ڕەسەن پێک هاتبوون، کەلە بیرۆکەکانیان و ناونیشانەکانیان هاوتا بوون.

# گرینگترین خاڵ و خەسڵەتەکانی سەردەمی ڕۆمانتیک

١- موزیک لەسەردەمی ڕۆمانتیک بەهێزترین پێگەی هەبوو لەنێوان هونەرەکانی تردا. چوونکە هەندێ لە زانایان و فەیلەسوفەکانی سەدەی ١٩ هەم پێیان وابوو کە هونەری موزیک باشترین و کاریگەرترین هونەرە لەنێو هونەرەکانی تردا.
٢- موزیک لەسەدەی ١٩ دا توانی زۆر زیاتر لە سەدەکانی تر خزمەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی و تاک و مرۆڤایەتی بگەیەنێ، چوونکە بەهۆی ئەم هونەرە زۆر لە کێشە ناوخۆییەکانی کە پەیوەندیان بە تاک و بە کۆمەڵ هەبوو نمایش دەکران، وە دواتر پێداچوونەوەیان بۆ دەکرا لە لایەن دەسەڵاتەوە.
٣- ئەم سەردەمە بوە هۆی سەرهەڵدان و دامەزراندنی زۆرێک لە قوتابخانەکانی نیشتمانی (المدارس الوگنیە الموسیقیە)، ئەمەش لە ئاکامی بەکار هێنان و چوونە ناوەوەی تایبەت مەندی و ممیزاتی موزیکی میللی بۆ ناو هەموو جۆرە دانراوەیەکی موزیکی لە لایەن موزیک مەندان.
٤- بەکار هێنان و چوونە ناوەوەی ئحساس و هەست و نەست و سۆز بۆ ناو دانراوە موزیکیەکان، لەلایەن موزیک زانان.
٥- لەم سەردەمەدا قاڵب و شێواز و فۆڕمە موزیکیەکان گۆڕانکاری بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی، لە چاو سەردەمی کلاسیکی، و زۆر زیاتر فراوان بوونیان پێوە دیاربوو، چوونکە موزیک زانان پێیان وابوو کە لە چوار چێوەی ئەم فۆڕمانەی سەردەمی پێشوو ناتواندرێت گشت داواکاریەکانی سەردەم جێ بەجێ بکرێت.
٦- لەسەردەمی ڕۆمانتیک ناوەڕۆک بوو بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و پێشوەچوونی فۆڕمە موزیکیەکان، هەر بۆیەش گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمە موزیکیەکان داهات
٧- هونەری موزیک لە سەدەی ١٩ زۆرترین و بەهێزترین پەیوەندی دروستکرد لەگەڵ شعر و ئەدەب، بە جۆرێک کە کاردانەوەی شعر و ئەدەبیات لەناو هەموو کارە هونەریەکان بەگشتی و موزیک بەتایبەتی ڕەنگی دابویەوە.

٨- ڕوونی لە ناوەڕۆکی کارە موزیکیەکان و بەرزبونەوەی پێگەی شێوازی سۆز و عاتفە لەناو موزیک لە بەرزترین ئاست دابوو لەم سەردەمەدا.
٩- دروست بوونی فۆڕمە سەربەستەکان لەم چاخە خاڵێکی تری گۆڕانکاری بوو لە سەردەمی ڕۆمانتیک.
١٠- گۆرانی لەم سەردەمەدا وەک فۆڕمێک و شێوازێکی موزیکی سەربەست کاری لەگەڵ دەکرا.
١١- دروست بوونی دانراوەی نویٚ بۆ ئامێرە فردیەکان و ئۆرکسترا، لە ئەنجامی چوونە ناوەوەی سەمایە میللیەکان بۆ ناو موزیکی ئەم سەردەمە.
١٢- جوانتر بەکارهێنان و پێشکەوتنی گەورەی ئامێرە موزیکیەکان لەم سەردەمە، لە ڕووی جۆری (النوعیە)دا، بەتایبەتی ئامێرە هەوایی و ڕیتمیەکان، خاڵێکی تری پێشکەوتن بوون لە سەدەی ١٩ دا.
١٣- باشبوونی پێگەی موزیک و وەرگرتنی پسپۆڕی لە بوارێکی تایبەتی هونەرەکە بوە هۆی درووست بوون و سەر هەڵدانی ژەنیاری بەتوانا (فێرتۆزی)، هەروەها ڕابەری موزیکی (القائد الموسیقی)، ڕەخنەگری موزیک (الناقد الموسیقی)، هەروەها دروست بوونی پسپۆڕی وورد لە گشت زانستەکانی موزیک.
١٤- ڕۆڵ و پێگەی موزیک گەیشتە ئاستێک کە دانراوە موزیکیەکان و شانۆ و هۆڵەکانی کۆنسێرت، ببوونە بەشێک لە بەشەکانی کۆمەڵگا و میللەت، بەجۆرێک کە نە هونەرمەندان و نە کۆمەڵگاش نەیان دەتوانی واز لەم لایەنە گرینگە و ئەم ئەرکەی سەرشانیا بهێنن.

# سیڤی ئەکادیمی



**زانیاری کەسی**

ناوی تەواو: چیایی کمال سعدی

پۆستی ئەکادیمی: پرۆفسیۆری یاریدەدەر

ئیمەیڵی زانکۆ: chiey.saddi@su.edu.ked

مۆبایل:٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٨٤٥٥٧

**قۆناغەکانی خوێندن**

- ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی حەپسەخانی نەقیب تەواوکردووە
- ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ خوندنی ناوەندی لە دواناوەندی قەندیلی کوران تەواوکردووە
- ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی موزیک تەواوکردووە
- ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٨ کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیکی تەواوکردووە
- ٢٠١١ تا ٢٠١٣ خوێندنی باڵا ماجستێری لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە
- ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣ خوێندنی باڵا دکتۆرای لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە

**شوێنی کار**

- ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی تێکەڵاو لە قەزای خەبات دامەوراوە
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەک بڕیاردەری بەشی موزیک دەست بەکار بووە
- ٢٠١٠ تا ئێستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەردەوامە لە ڕاژەکەی

**خول و بڕوانامەکان**

- ٢٠١١ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر

ـ ٢٠١١ بڕوانامەی ئایتی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر

ـ ٢٠١٣ بڕوانامەی وانەوتنەوەی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە

ـ ٢٠٢٢ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ جاری دووەم بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرا

**ئەزموونی وانەوتنەوە**

ـ ١٩٩٧-١٩٩٨ وانەبێژ لە چالاکی قوتابخانەکان بەشی موزیک

ـ ١٩٩٨-١٩٩٩ وانەبێژ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر

ـ ١٩٩٩-٢٠٠٠ وانەبێژ لە ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ بواری موزیک

ـ ٢٠٠١-٢٠٠٢ مامۆستا لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی

ـ ٢٠٠٨-٢٠٠٩ مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان

ـ ٢٠٢١-٢٠٢٣ وانەبێژ بووە لە زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی بنیاد بەشی باخچەی ساوایان

ـ ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆلێژی هونەر بەشی موزیک بووە لە زانکۆی دهۆک و بەردەوامە لەوانەبێژی تیایدا.

ـ ٢٠١٠ تا ئێستا ستافی ئەکادیمی و مامۆستا بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک

## توێژینەوە و بڵاوکردنەوە

- https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR/article/view/١٩٨٠/١٠٩٧
- کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٢- ٢٠٢٥
- ڕۆڵ و پێگەی ریتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٢٥
- The main principles of song and music and their relationship to children's literature and the foundation of children's kowledge in education and Teaching
- Use of Kurdish poem, melody and songs in funeral and condolence ceremonies
- گرنگی داتاشراوە دێرینە کان لە پێگە ی گۆرانی و موزیکی ڕۆژهە ڵاتی ناوەڕاست
- کاریگەری موزیکی راستەوخۆ لەسەر ئاستی هۆشیاری گەنجان
- سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنموونە
- استخدام الشعر و اللحن و الاغاني الكوردية لترنيمة جنائزي الحزينة في مراسيم الفاتحة و العزاء
- المبادء الاساسية لتربية علم كونترابنط لتاليف الموسيقى الشرقية
- بەکارهێنانی شیعر و ئاواز و گۆرانی لەشین و لاوانەوەدا
- تێڕوانینی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای لەبواری گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردندا

- سه ره تایه کی میزوویی بو کورانی و موزیکی کوردی
- فرقة باواجي الموسيقية و دورها في الحفاظ على تراث الشعبی لمنطقة كويسنجق
- كاريكةرى موزيك لةسةر ئاستى زيرةكى قوتابيانى زانكوى صلاح الدين هةولير
- ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لوپڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

**کۆنفرانس و خولەکان**

- بەشداری لە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی دیالا کردووە بە توێژینەوەی زانستی لەژێر ناونیشانی (بالتربية والفنون ترتقي اجيال الغد) لە ٢٤-٢٦-٥-٢٠٢٢

**ئەندامیەتەکان**

- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عیراقی
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- ئەندامی کارای ژوری بازرگانی کوردستان
- سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی هونەرمەندانی کوردستان
- سەرۆکی تیپی موزیکی نەورۆز بۆ موزیکی سونەتی

## لینکی بڵاوکردنەوە و بەدەست کەوتنی بەرهەمەکان

-https://books.apple.com/fi/author/govand-kader/id١٥١٢٩٨٧٨١٧?see-all=books

**ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان**

- https://academics.su.edu.krd/profile-admin/index.php?p=research-register
- https://www.researchgate.net/profile/Chiey-Kamal
- https://scholar.google.com/citations?user=LTLUsooAAAAJ&hl=ar-
- https://orcid.org/٠٠٠٩-٠٠٠٧-٤١٨٠-٥٢٣٤

## پەڕتوکە بلاوکراوەکانم (كتبي المنشورة)



# نبذة تاريخية عن

# الموسيقى العالمية




اعداد

ا.م.د. چيايى كمال سعدى


الجزء ٢


كوردستان - اربيل

٢٠٢٦